کیرکەگۆر

-سەرەتایەک بۆ ژیان و فەلسەفەکەی-

پۆڵ ستراتێرن

پۆڵ ستراتیێرن

کیرکەگۆر

سەرەتایەک بۆ ژیان و فەلسەفەکەی

وەرگێڕانی

ئازاد بەرزنجی

سلێمانی / ٢٠٠٣

زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپو پەخشی سەردەم
کتێبی گیرفانی ژمارە (٣٨)

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە
ئازاد بەرزنجی

کیرکەگۆر

نووسینی: پۆڵستراتێرن
وەرگێڕانی: ئازاد بەرزنجی
بابەت: لێکۆڵینەوەی فەلسەفی
بەڕێوەبەری هونەری: شیروان تۆفیق
مۆنتاژی کۆمپیوتەری: سەیران عەبدولرەحمان
تیراژ: ٧٠٠ دانە
ژمارەی سپاردن : ی ٢٠٠٣

www.sardam.net

سۆرین کیرکەگۆر

١٨١٣ -١٨٥٥

پۆڵ ستراتێرن

پێرست

پێشەکی	٩
ژیان و کارەکانی کیرکەگۆر	٢١
پاشبەند	٩٦
لە نووسینەکانی کیرکەگۆرەوە	١٠٠
کرنۆلۆژیای ڕووداوە فەلسەفیە گرنگەکان	١٠٨
ساڵنامەی ژیانی کیرکەگۆر	١١٣
چەند کتێبێکی پێشنیازکراو بۆ خوێندنەوە	١٢٩

پۆڵ ستراتێرن

پێشەکی

کیرکـەگۆر* ، بـە مانـای ڕەسمیـی ئـەم وشـەیە، فەیلەسووف نەبوو. لەگەڵ ئەمەشدا لـە شتگەلێك دوا کە بە زۆری دەچنە بواری فەلسەفەوە. ئەو لە بـارەی جیهانـەوە نەینووسـی، بـەڵکو لـە بـارەی ژیانەوە –واتا ئـەوەی کـە ئێمـە چۆن دەژین و چ جۆرە ژیانێك هەڵدەبژێرین.

---

* کیرکـەگۆر لـە زمـانی دانیمارکیدا بە مانـای "گۆڕسـتان" دێ ئـەو شـێوە گوتنەیـە کـە گـەلێ لـە وەرگێـڕە بیانیـەکان پەسـەندیان کـردووە، دەنـا لـە زمـانی دانیمارکیـدا بـە (کیاگەگۆ) تەلەفوز دەکرێت. ئـەم نـاوە لـە ئینگلیزیـدا بـووە بـە Kierkegaard و لـە عەرەبیـدا بـووە بـە (کیرکجـارد) و فارسـیش دەڵێـت (کیرکیگـۆر). خوێنـەری کـوردیش لەبەرئـەوەی زیـاتر لـە ڕێـی هـەردوو زمـانی عـەرەبی و فارسییەوە شتی سەبارەت بەم فەیلەسووفە خوێندۆتەوە" ناوەکەش بەو شێوەیە لە زەینیدا تۆمار بووە.–و. کوردی.

کیرکــــەگۆر لــــە "مانــــای زینــــدووبوون"ی کۆڵییــەوە. بابــەتی ســەرەکیی باســەکانی "تاکــە کەس و بوونی ئەو"، یان بە واتایەکی دی بابەتی "بــوون" بــوو. بــە بۆچــوونی کیرکــەگۆر ئــەم بوونــــەوەرە تــــەواو خودگەرایــــە لــــە ســــەروو لێکدانــــەوەی ئــــەقڵ و، مــــەنتق و، سیســــتمە فەلســــەفیەکان و، خوداناســــی (تیۆلــــۆجی) و تەنانەت "لافلێدانە دەروونناسییەکان"یشەوەیە. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا سەرچاوەی هەموو ئەم بابەتانەشـە. هـەر ئـەم تێڕوانینەشـی بووەتـە هـۆی ئـەوەی کـە فەیلەسـووفان و خوداناسـان و دەروونناسـان سـەردەمانێك خۆیـان لـە کیرکـەگۆر تەبەڕا بکەن.

ئـەو لقـە فەلسـەفیە (یـان "نافەلسـەفیە" بـە قسـەی ئەوانـەی خوازیـاری فەلسـەفەی پـەتین)ی کیرکـەگۆر دایمەزراند، نـاونرا بوونگـەرایی (یـان بوونخــوازی-وجودیــەت- ئێگزیستانســیالیزم). هەڵبــەت ماوەیــەکی زۆری خایانــد تــا ڕێبــازی بوونگەرایی بە تەواوی جێی خۆی گرت. هەندێ لــە فەیلەســووفانی وەکــو نیچــە، هۆســێرل و

هایدیگەر (لە ڕوانگەی بوونگەراکانەوە) بە بێ ئەوەی بە خۆیان بزانن بوونگەرا (وجودی) بوون. هایدیگەر نکوولّیی لەمە کرد. نیچەش بەرلەوەی کەسێك ئەو ناوەی بە سەرا دابڕێت" مرد. سەدەیەك دوای مەرگی کیرکەگۆر و بەدەرکەوتنی ژان پۆڵ سارتەر لە فەرەنسادا و لە دووەم جەنگی جیهانیدا بوو کە ڕێبازی بوونگەرایی بە ڕەسمی ناسراو جێگیر بوو.

ڕۆشنبیرانی پاریسی دوای جەنگ دووچاری نائومێدییەکی قووڵ بووبوون. بەلای ئەوانەوە چیتر شتێك نەمابوو جێی باوەڕ بێت. سوریالیزمیش کە بە ڕەهەندە سەیر و سەمەرەکەیەوە بۆ ماوەیەك توانیبووی ڕێ و شوێنێك بۆ خۆی پەیدا بکات" بووبوو بە مایەی گاڵتەپێکردن. بە گرتنەدەستی دەسەڵاتیش لە لایەن ستالینەوە" ڕۆشنبیرانی فەرەنسایی بە لایانەوە زەحمەت بوو چیدی باوەڕ بە کۆمۆنیزمیش بکەن (گەرچی لەم بوارەدا هەوڵیان دا). لە هەلومەرجێکی وادا بوو کە نۆرەی ڕێبازی بوونگەرایی هاتبوو، ئەو ڕێبازەی کە لە بنەڕەتدا

کەسی ناچار بە باوەڕکردن بە شتێك نەدەکرد و تەنانـــەت لەمـــەش زیـــاتر، ڕایدەگەیانـــد کـــە "نائومێدی" بەشێکە لە "دۆخی مرۆیی".

بـەمجۆرە بـوو کـە ڕێبـازی بوونگـەرایی بـە دەرچـوون لـە کافیتریاکـانی پاریسـەوە جیهـانی گرتـەوە و بـەرەو کافیتریاکـانی گرینـویچ ویلـج و لەندەن و مۆڵگەی لاوە ڕافزی و یاخیـەکانی سـان فرانسیسـکۆ چـوو و سـەرەنجامیش بـووە جێـی بایەخی کۆڕ و کۆبوونەوە زانکۆییەکانی هەردوو بەری ئۆقیانووسی ئەتڵەسی. بەم شێوەیە ڕێبازی بوونگەرایی لـە یـەك کاتـدا بـوو بـە فەلسـەفەیەکی کافیتریـایی و هـەروەها زانکـۆییش، ئاوێتەیـەکی نائاسـایی لــە لافلێـدەرانی سـاختە تـا بـاس و لێکۆڵینەوەی گەلێ قووڵ و ڕۆشنگەرانە. هەر لـەم ڕووەشـەوە بـوو کـە بوونگـەرایی تـوانیی هـەم هونەرمەندان و نووسەران و فەیلەسووفان و هـەم کەسانی لافلێدەر و سـاختەکاریش بـەلای خۆیـدا ڕابکێشێت، کە هـەموو ڕۆڵیان لـە پەرەسـەندنیدا هـەبوو. بـەم جـۆرە ڕێبـازی بوونگـەرایی بـووە پێشـــڕەوی ڕێبازگـــەلێکی فیکریـــی وەکـــو

ڕەفتارگـــــەرایی و بونیادگـــــەرایی و پـــــاش بونیادگەرایی، کە لـە دەیـەکانی دواتـری سـەدەی بیستدا برەویان سەند.

کرۆکـــی فەلســـەفیی بنچـــینەیی ڕێبـــازی بوونگەرایی کە مەسەلەی بوونە بە بەرەنجامێکی سەدەی بیست دەژمێردرێ، ئەو سەدەیەی کـە بـە لەخۆبێگانـــەبوون (نـــامۆبوون) و نیگـــەرانی و تێکشـــکان و بێبـــەهایی نەریتـــەکان دەناســـرێ. لەگەڵ ئەمەشدا، هەموو ئەم شتانە ڕاستەوخۆ لـە کیرکەگۆرەوە سەرچاوە دەگرن" کە نزیکـەی سـەد ساڵ بەر لە سارتەر هاتبووە دونیاوە.

هەرچـەندە گومـان لـەوەدا نییـە کـە کیرکـەگۆر بیرمەندێك بوو پێش سەردەمەکەی خۆی کەوتبوو" بەڵام یەکێك لە کۆنترین پرسیارەکانی کرد بە خاڵی دەســپێکردنی ڕامانــەکانی خـۆی، کــە ئــەویش پرسـیاری "بـوون" چـییەیە؟ ئـەم پرسـیارە لای هەموو دەخرایە ڕوو بە تـەنها لای فەیلەسووفەکان نەبێت. چونکە فەیلەسووفەکان ئەم پرسیارەیان بە پێکەنینهێنـەر و نابـەجێ دەزانـی و یـان وایـان لـە قەڵــەم ئــەدا کــە لــە سیســتمی فەلســەفییانەدا

چارەسـەر کـراوە و پێویسـت بـە خسـتنەوەڕووی ناکات.

بە بۆچوونی کیرکەگۆر نەك بە تەنها پێویستە هەموو کەسێك ئەم پرسیارە بکات“ بەڵکو ناچارە کە ژیانی خۆیشی بە وەڵامێکی "خودی"ی ئەم پرسـیارە بزانێـت. ئـەم پێداگرتنـەی کیرکـەگۆر لەسەر "خودێتی" گرنگترین بەشداریکردنی ئەوە لە فەلسەفەدا.

"مەسەلەی بوون" تەوەری بیرکردنەوەی گەلێ لە فەیلەسووفان بووە لە ڕابردوودا. لە ڕاستیدا، بەرلـەوەی سـوکرات و ئـەفلاتوون تـوخمی ئەقڵانیەت بهێننە ناو فەلسەفەوە، فەیلەسووفان لەگەڵ "مەسەلەی بوون"دا دەستەوئێخە ببوون و“ پرسیاری ئەوەش کە مانای زیندووبوون چییە و بـوون چـی دەگەیـەنێت“ زۆربـەیانی سەرسـام کردبوو. هەڵبەت هەرچەند ئەمڕۆ گەلێ لەوانەی ئـەهلی فەلسـەفەن لـەو بڕوایەیانـەوە بـەوەی کـە ئەمجۆرە پرسیارانە بێمانا و پێکەنینهێنەرن“ بە سـادەیی بەلایانـدا تێدەپـەڕن، بـەڵام ئێمـەی بوونـەوەری فـانی و ڕوو لـە نـەمان هـەر بـە

سەرسەختیەوە لەسەر ئەو پرسیارانە بەردەوامین و تەنانـەت هەنـدێك زۆر بـە جیدییـەوە چاوەڕێن فەلسـەفە وەڵامـی ئـەو پرسـیارانەیان بداتـەوە. هەندێ لە فەیلەسووفانی بەر لە سوکراتیش“ بەبێ ئەوەی ئاگایان لە ئاڵۆزییەکانی فیکری فەلسەفیی داهـاتوو بێـت“ سـەرگەرمی وەڵامدانـەوەی جیدییانەی ئەمجۆرە پرسیارانە بوون.

پارمنیـدس کـە لـە سـەدەی پێنجـەمی بـەر لـە زاییـندا لـە کۆلۆنیـەکی یۆنانیـدا لـە باشـووری ئیتالیـادا (کـە پێیـان دەوت ئیلیـا) دەژیـا، بڕوای وابـوو کـە "بـوون" تـوخمێکی تاقانـە و نـەگۆڕی گشت وجودە، بە واتایەکی دی بە بۆچوونی ئـەو "هـەموو شـتێك یـەك شـتە". شـتی وەکـو فرەچەشنیو گـۆڕان و جووڵـە جگـە لـە دیـاردەی ڕووکەش هیچی دی نین.

فەیلەسـووفە یۆنانیـەکانی تـری پـێش سوکراتیش پرسیاریان لە بارەی جیاوازیی بوونی شـتی "واقیعـی" و چـەمکە ئەبسـتراکت و شـتە خەیاڵیەکانەوە دەکرد. چ چۆنێتییەك بوونی من لە بوونی خەونەکان یان چەمکە زەینیـەکانی وەکو

ماتماتیك جیادەكاتەوە؟ لە بنەڕەتدا "هەبوون" (بەو مانایەی كە بوونت هەبێت -و-) یانی چی؟ پاشان نۆرە هاتە سەر سوكرات و ئەفلاتون. ئەو گوتەیەی كە دەڵێت "خۆت بناسە" لە جێی ئەوەی كە "خود" خۆی لە ئەسڵدا چییە" بووە بابەتی ڕۆژ و "مەسەلەی بوون" لە مەیدانی فەلسەفەدا ون بوو. بەم شێوەیە بابەتی سەرەكی و بگرە سەرەكیترین بابەت بە سادەییەوە پشتگوێ خراو ئەوەندەی پەیوەندیی بە ئەفلاتونیشەوە هەبێت بوون بە سادەییەوە بە مەسەلەیەكی پێدراو و پێویست دەژمێردراو پرسیار سەبارەت بە سروشت و ماهیەتی نەدەكرا. ئەكرێ لافی ئەوە لێبدرێ كە ئەفلاتون گشتگیرترین و قووڵترین هزری فەلسەفیی هەموو سەردەمەكان بوو. ئەو چۆن توانیبووی بەوپەڕی سادەییەوە بەلای گرنگترین پرسیاری فەلسەفیدا تێپەڕێت (هەرچۆن ئینشتاین پیشانی داین كە نیوتن، كە گشتگیرترین و قووڵترین هزری زانستیی هەموو سەردەمەكان بوو، جیهانە فیزیاییەكەی لەسەر بناغەی گریمانەیەكی هەڵە

بنیـــات نـــابوو). لەگـــەڵ ئەمانەشـــدا و ویـــڕای بیروبـــاوەڕی بـــاوی هاوچـــەرخیش، لـــە ڕاســـتیدا شـتێك هەیـە پێـی دەڵـێن پێشـکەوتنی بنـەڕەتی، وەك چۆن ئـەمڕۆ ئێمـە لـە هـەموو بوارەکانـدا زۆر زیاتر لە پێشینانمان شت دەزانین، بەڵام لە بواری تێگەیشتنی "بوون"دا بەو جۆرەی کـە کیرکـەگۆر لێـێ دواوە، تێگەیشـتنمان هـیچ پێشـکەوتنێکی بەخۆیـــەوە نـــەدیوە. دەتـــوانین بڵـــێین ئەوەنـــدەی پەیوەندیی بە تێگەیشتنی "بـوونی خودگـەرا"وە هەبێت، هیچ پێشکەوتنێك نابینین. ئێمە ئەمڕۆ لە هـەمان دۆخـدا ئـازار یـان لـەززەت دەچـێژین کـە پێشینانمان لەگەڵیدا ڕووبەڕوو بوونەتـەوە: واتـە دۆخی مرۆیی.

پـــــاش ئـــــەفلاتونیش فەیلەســـــووفانی دی درێـژەیان بـە گوێنـەدان بـەم دۆخـە مرۆییـە دا. بـوونی خودگـەرا، کـە دەشـێ خـاڵی هاوبەشـی گومانلێنەکراوی هەموو مرۆڤەکان بێت، لـە لایـەن فەیلەسـووفە سـادە لەوحەکانـەوە بایـەخی پـێ نەدرا. دەسەڵاتی بێ ڕکابەری هزری ئـەفلاتون و ئەرستۆی قوتابیی، تا نزیکەی دوو هەزار ساڵ لە

مەیدانی فەلسەفەدا درێژەی خایاند. تەنها لە سەدەی حەڤدەیەمی زایینیدا بوو کە فەیلەسووفان گەڕانەوە بۆ ئەو بابەتە سەرەکی و بنەڕەتییەی کە خاڵی دەسپێکردنی هزری فەلسەفی بوو، واتە بۆ پرسیاری "من کێم؟" و کاتێکیش دەڵێین "من هەم" مەبەستمان چییە.

فەیلەسووفی فەرەنسایی "ڕینێ دیکارت" ڕایگەیاند کە "من بیردەکەمەوە، کەواتە من هەم". بە بۆچوونی ئەو هەرچی لە هۆش و لە جیهاندایە مایەی شك و گومانە و دەشێ بە جۆرێك لە جۆرەکان وەهم یان خەیاڵی فریودەر بن، تەنها ئەم "من"ە نەبێت کە بیر لە هەموو ئەوانە دەکەمەوە. بەمجۆرە و لەم ئاقارەدا دەبینین کە بۆ جارێکی دیکە، ئەو بابەتە سەرەکیە، ئەو بەردی بناغە قایمەی کە هەموو فەلسەفەکان دەیانتوانی لە سەری دابمەزرێن، خۆی خستەوە ڕوو: "منی خودگەرا". بەلام تەنانەت لەم ئاقارەی دیکارتیشدا" دەتوانین کاریگەریی تەوژمی ڕۆشنبیریی ئەو سەردەمە ببینینەوە. لەبەرئەوەی ئەم "من"ە بە تەنها کاتێك هەیە کە

"بیردەکاتەوە". هەستەکان، پەیبردنەکان، هەموو ئەمانە قابیلی هەڵە و گومڕابوونن. بە تەنها منی خودگەرا دەیتوانی لە هەبوونی خۆی دڵنیابێت، نەك شتێکی دی. ئەم "من"ە ڕووت و بێ پشتیوانە و لەبەردەم کاری لە چەشنی فریو و گومڕایی و هەڵەدایە.

سەرەنجام ئەمانۆییل کانت توانیی هێلانە و داڵدەیەکی شایستە بۆ ئەم بوونەوەرە بەدبەخت و بێ پشتیوانە بدۆزێتەوە. کانت لەسەر بنچینەی ئەقڵانیەت کۆشکێکی شکۆمەندی لە سیستمێکی فەلسەفیی جیهانگیر بیناکرد" تا ببێتە ماڵ و پەناگەیەکی بالاّ بۆ ئەم "منی خودگەرا"یە. پاش کانتیش، هیگل سیستمێکی فەلسەفیی گەورەتری دروست کرد کە لە سەر بناغەی ئەم باوەڕە بەند بوو کە "ئەوەی ئەقلاّنییە واقیعییە و ئەوەی واقیعییە ئەقلاّنییە".

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، هەم کانت و هەم هیگل لەو هەوڵە گەورانەیاندا، سەرلەنوێ پرسیارە سەرەکیەکەیان فەرامۆش کرد و

فەلسەفەی هیچیان وەڵامێکی قەناعەتپێکەری ئەو پرسیارەی نەدایەوە کە "بوون چییە".

هەر سیستمێکی هزریی ئەقڵانی لە بنەڕەتدا گریمانەی بە ئەقڵانیبوونی جیهانی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە. سیستمێکی لەمجۆرە، وەڵامی ئەقڵن بۆ پرسیارەکانی ئەقڵ. "منی خودگەرا" لەودیو ئەقڵەوەیە و بەم پێیەش بە تەواوی بەشێك نییە لە جیهان. کیرکەگۆر بە مەزەنە پەی بەمە برد. ناتوانین لە ڕێی دروستکردنی ئەو سیستمانەوە کە هەموو شتەکان ڕووندەکەنەوە وەڵامی پرسیاری "بوون" بدەینەوە. پرسیاری لە جۆری "بوون چییە" لە گوتاری قووڵترەوە سەرچاوە دەگرێت.. مانای بوون چییە؟.. کیرکەگۆر بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە هاتە مەیدانەوە.

ژیان و کارەکانی کیرکەگۆر

سۆرین کیرکەگۆر لە ٥ی ئایاری ١٨١٣دا لە کۆپنهاگن هاتە دونیاوە، هەر لەو ساڵەدا کە ئۆپێرانووسی گەورەی ئەڵمانی ڕیچارد ڤاگنەریشی تیا لەدایك بووبوو. ئەم دوو کەسێتییە ڕەمزییەی سەدەی نۆزدەیەم دوو جەمسەری دژ بەیەکی بلیمەتیی ئەم سەدەیەن. قەرار بوو کیرکەگۆر ببێت بەوەی کە ڤاگنەر پێی گەیشت و هەروەها بە پێچەوانەشەوە. لە ڕاستیدا تاقە خاڵی هاوبەشی ئەم دوو کەسێتییە دیارە و هەروەها هی تەواوی بلیمەتەکانی ئەم سەدەیە، ڕەگێکی شێتی بوو. هەرچەندە شێتییەکەی کیرکەگۆر ڕۆڵێکی سەرەکیی لە کەسێتیی ئەودا نەدەبینی، بەڵام دەتوانین ئاسەواری ئەو شێتییە

لە هەندێ ڕەفتاری نائاسایی ئەودا لە ژیانیدا ببینینەوە. کیرکەگۆر تەواوی تەمەنی بە گۆشەگیری ژیا و چەند کاریگەرییەکی کەمی ژیان حاڵەتێکی توندڕەوانەیان تیا دروست کرد. بێگومان گرنگترین هۆکاری کاریگەر لە ژیانی کیرکەگۆردا باوکی بوو کە ئاسەواری شێتی تیایدا لە کوڕەکەی زیاتر بوو. باوکی کیرکەگۆر کاریگەریی لەسەر چۆنێتیی ژیانی کوڕەکەی هەبوو. دەتوانین بڵێین ئەو کیرکەگۆرەی کە دواتر دروست بوو، یان ئەنجامێکی ڕاستەوخۆی کاریگەریی زاڵی باوکی بوو، یانیش کاردانەوەی ئەو بەرامبەر بەو کاریگەرییە. پەیوەندییان هێند ئاسایی نەبوو. باوکی کیرکەگۆر لە لادێیەکی باکووری دانیمارکدا بە سرف (جووتیارێکی وابەستە بە خاکەوە)ی هاتبووە دونیاوە. بنەماڵەکەی دەچووەوە سەر قەشەیەکی دەرەبەگ (فیوداڵ) کە لە زەوییەکانیدا کاریان دەکرد. ناولێنانی کیرکەگۆریش بۆ ئەمە دەگەڕێتەوە، کە لە زمانی دانیمارکیدا بە مانای "حەوشەی کڵێسا" (یان گۆڕستان -و-) دێ. باوکی

کیرکەگۆر لە دەساڵییەوە کاری شوانێتیی گەورەکانی بە خۆشی و ناخۆشیەکانیەوە لە ئەستۆ گرت. بە پێی قسەی یەکێك لە کوڕەکانی، ئەو هەمیشە بەدەست برسێتی و سەرماوە ناڵاندوویەتی، یانیش خۆی و مەڕەکانی لەبەر تیشکی خۆرەتاودا لە گەرمادا هەڵقرچاون و ژیانێکی پڕ فەلاکەتی هەبووە. ئەو گەرچی کابرایەك بوو تا بڵێی ئیماندار، بەڵام تێنەدەگەیشت بۆچی خوا وا ئازاری ئەدا و خستبوویە مەینەتییەکی بەردەوامەوە. تا ڕۆژێکیان و لەوپەڕی نائومێدیدا و لە زەوییەکی ڕەقەن و وشکەڵانی نزیك گردۆڵکەیەکدا، بە خراپی بەرامبەر بە خوا زمانی هەڵهێنایەوە. ئیدی ڕێك لەو ساتەوە بوو کە بە تەواوی ژیانی ئاوەژوو بۆوە.

یەکێك لە خزم و خوێشەکانی کە لە کۆپنهاگن بازرگانیی جلوبەرگی خوریی دەکرد" داوای لێکرد کاری لەگەڵدا بکات. ئەمیش سەلیقە و توانایەکی زۆری لە فرۆشتنی لێفە و گۆرەویی خوریدا بە لادێیەکان پیشان دا و لە ماوەیەکی

کەمدا پارەیەکی باشی دەستکەوت تا ژن بهێنێت و ماڵ پێکەوە بنێت.

وەختێ خاوەن کارەکەشی مرد" بازرگانییەکی بە برەوی بۆ جێما. بەمجۆرە و لە ڕێی پەرەدان بەو بازرگانییەوە کار گەیشتە ئەوەی ببێتە یەکێك لە دەوڵەمەندترین بازرگانەکانی کۆپنهاگن. ئەو شوانە برسیەی کە گلەیی لە خوا دەکرد وای لێهات لەسەر خوانی ئێوارانی پەیڕەویی لە ڕێوڕەسمی پاشایانە دەکرد. لە کاتی هێرشەکەی تۆپخانەی هێزی دەریاریی بەریتانیاشدا بۆ سەر کۆپنهاگن لە ساڵی ١٨٠٣دا کە بووە هۆی وێرانکردنی گەلێ شوێنی گەورەی شار" هیچکام لە پێنج خانووەکەی ئەو زیانیان پێ نەگەیشت و تا دە ساڵ دوای ئەو ڕووداوەش هەریەکێك بوو لەو بازرگانە کەمانەی کە لەو قەیرانە ئابوورییەی دانیمارکی دووچاری ئیفلاسی کرد" بە سەلامەتی ڕزگاری بوو. لەبەرئەوەی زۆربەی پارەکانی لە کڕینی ئەو دراوە دەوڵەتییە کاغەزینانەدا سەرمایەگوزاری کرد کە نرخیان جێگیر و نەگۆڕ بوو.

ئەو کە ڕۆژگارێك بە خراپ زمانی لە ئاست خـــوادا هـــەڵهێنابۆوە" ســـەرباری هـــەموو ئـــەو سەرکەوتنانەی لە بواری کاریدا، هیشتا بە قووڵی هەسـتی دەکـرد کـە لـە لایـەن خـواوە نـەفرەتی لێکراوە.

ژنی یەکەمی مرد و کارەکەرەکەی خۆی هێنا، بەڵام ئەوەندەی نەبرد کە ئەویش مرد. لـە حـەوت منالْ تەنها دووانی بۆ مابووەوە.

کیرکـەگۆر کـە بچـووکترین منـاڵی بـوو، کاتـێ لەدایك بوو باوکی ٥٦ سالان بـوو. کـە منـالْ بـوو مەرگ هەر بەینە و کەسێکی خێزانەکەیانی ڕاپێچ دەکرد. باوکی لە کابرایەکی وەسواسی دینداڕەوە دەگۆڕا بۆ پیرەمێردێکی مات و دیکتاتۆر.

ئـەوە بـوو پـاش خانەنشـینبوونی لـە کـاری بازرگانی و بە دوورەپەرێزیی لە خەڵك، لە کونجی ژوورێکی تاریکدا تەنیایی بۆ خۆی هەڵبژاردبوو. هـەر زوو توانـا درەوشـاوەکەی سـۆرین سـەرنجی ئـەوی ڕاکێشـا و بـەمجۆرە سـۆرین بـوو بـە کـوڕی خۆشەویسـتی بـاوکی. لەهـەر خێزانێکـی تـردا

بووایە ئەوە دەبووە مایەی ئێرەیی“ بەڵام لە خێزانەکەی ئەواندا بارەکە بە جۆرێکی دی بوو.

کاتێ سۆرین تەمەنی حەوت ساڵان بوو“ باوکی بە شێوازەکەی خۆی وانەی لۆجیک (مەنتیق)ی پێ دەوتەوە. کیرکەگۆریش ناچار بوو بە پێی بنەماکانی لۆجیک بەرگری لە گشت گوتەکانی خۆی بکات و بەردەوامیش بە پێی لۆجیک دەکەوتە بەر ڕەخنەکانی باوکی.

پشووی نێوان وانەکان بۆ سۆرین کاتی گەشتێکی خەیاڵی بوو بۆ وڵاتەکانی دیکە“ بە گوێرەی ئەو زانیارییانەی کە باوکی پێی دەدا. بەمجۆرە سۆرین زۆر بە وردی گوێی بۆ باوکی شل دەکرد کە باسی کەلتوور و هونەری ساختومانسازیی شارانێکی وەکو درێسدن و پاریس و فلۆرەنسای بۆ دەکرد و، دواتریش دەبووایە هەموو ئەو شتانەی بە ورد و درشتەوە بۆ باوکی بگوتبایەتەوە.

لە ئەنجامی ئەم ئەرکە زەینییە سەختەوە بوو کە کیرکەگۆری لاو و بیرتیژ توانیی هزرێکی مەنتیقیی دیار و خەیاڵێکی بێهاوتا لەگەڵ یەکدا

ئاوێتە بکات. هەڵبەت باوکی هیچکام لەو ناوچانەی نەدیبوو کە بۆ کوڕەکەی وەسف دەکرد، بەڵکو تەنها شتی لە بارەوە خوێندبوونەوە. دواتر کیرکەگۆر ئەو توانا و خەیاڵە نائاساییەی بۆ وەسفکردنی ئەو شوێنانەی کە هەرگیز نەیدیبوون (بە تایبەتیش شوێنەکانی کتێبی پیرۆز و پێگە سایکۆلۆژییەکان) لە هەندێ کتێبدا خستەڕوو. سەرچاوەی ئەم توانایەشی دەگەڕایەوە بۆ ئەو سەفەرە خەیاڵییانەی کە بە ڕێنومایی باوکی دەیکردن.

هەندێ جاریش ڕووی دەدا کە باوکی دەیویست تێڕوانینە تەسکبینانەکانی خۆی سەبارەت بە جیهان بەسەر زەینی کوڕەکەیدا بسەپێنێت. هەرچەندە ئەمە تێڕوانینێکی باوە کە هەندێ لە باوکان دەیانەوێ منداڵەکانیان بەرەو ئەو ئامانجانە ڕێنمایی بکەن کە خۆیان پێی گەیشتوون (یان ئاساییتر بڵێین کە پێی نەگەیشتوون)" بەڵام باوکی کیرکەگۆر تەنانەت لەم ڕووەشەوە جیاواز بوو. هەستی دەکرد بەرەو

لایەك ڕاپێچ دەكرێ، بەڵام چ ئامانجێكی نەبوو، هەستی دەكرد بێزراوە و بە نائومێدییەكی تەواوەوە هۆشی مەشغوڵ دەبوو. هەمان ئەم نائومێدییەش بوو كە بە شێوەیەكی ئاگایانە یان نائاگایانە بە كوڕەكەی ئەوتەوە. لە یەكێك لە یادەوەرییە ڕۆژانەییەكانی ڕۆژانی دوایی كیركەگۆردا" بەسەرهاتی پیاوێك دەگێڕێتەوە كە ڕۆژێكیان بە كوڕەكەی خۆی وتووە" "نەگبەت، تۆ لە چ نائومێدییەكی خامۆشدا دەژیت". دەشێ ئەمە ئەو ڕستەیە بێت كە ئەو ڕۆژێ لە ڕۆژان لە باوكی خۆی بیستبێت.

جێی سەرسوڕمان نییە كە كیركەگۆر لە قوتابخانە قوتابییەكی سەیر و سەمەرە بووە. شێوەی جلوبەرگی و ڕەفتاری لەگەڵ تەمەنیدا نەگونجاوە. مامۆستاكانی ئەویان بە "پیرەمێردێكی بچووك" دەشوبهاند.

كیركەگۆر قوتابییەكی دانسقە نەبوو لە قوتابخانەكەیدا، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا تەواو دیاربوو كە لە ڕووی هوشیارییەوە لەگەڵ هاوپۆلەكانیدا جیاوازییەكی بەرچاوی هەبوو.

باوکی پێی گوتبوو کە نابێ کارێك بکات هۆش و توانای ببنە جێی سەرنج و نابێ لە پۆلەکەیدا لە سێیەم زیاتر بێت. هەڵبەت سۆرینی لاویش بە گوێڕایەڵییەوە ئەو فەرمانانەی بەجێ دەهێنا. (ئەم کارەش پێویستی بە کارامەییەکی زیاتر بوو، چونکە جڵەوی فراژیبوونی بلیمەتی ناگیردرێ).

ورده ورده کە تەمەنی کیرکەگۆر بەرەو هەڵکشان دەچوو" دەردەکەوت کە مەسەلەکەی ئەو لە هەبوونی شێوەو ڕوخسار و ڕەفتاری پیرەمێردێك قووڵترە. جەستەی باریك و بنێس بوو، بە ڕواڵەتیش بەدەست نەخۆشییەکی بەردەوامی بڕبڕاگەی پشتیەوە دەینالاند کە ببووە هۆی کۆمییەك لە پشتیدا. لەبەرئەوەی ئەندامی هیچ گروپ و دەستەیەکیش نەبوو لە قوتابخانە" لە لایەن قوتابییەکانەوە ئازار دەدرا. کیرکەگۆری لاو هەر زوو فێر بوو چۆن بە زمانێکی پڕ تانە و تەوسەوە بەرگری لە خۆی بکات، بەرگرییەك کە دەبووە هۆی پرکێشیی زیاتری ئەو کەسانەی هەراسانیان دەکرد. ئەم تایبەتمەندییە

ڕەفتارییەش دەبوو لە سەرانسەری ژیانیدا خۆی بخاتەڕوو.

وەکو هەر تاکە کەسێکی دەروونگەرا و قووڵ، کیرکەگۆر حەزی دەکرد لە سەنتەری بایەخی کەسانی تردا بێت. هەڵبەت ئەو ببووە سەنتەری بایەخپێدانی باوکی و، دەوڵەمەندیی ژیانی دەروونیشی سەلمێنەری ئەو ڕاستیە بوو کە بووەتە سەنتەری بایەخدانی خۆیشی. تانە و تەشەری ئەوانی تر" گەرچی دەبووە مایەی ئازاریش بۆی" بەڵام ئەو وەهمەی لا دەجووڵاند کە لە بنەڕەتدا جیهان بە دەوری ئەودا دەخولێتەوە. ئەم خۆ بە شەهیدزانینە بوو بە هۆکارێکی گرنگ لە بونیادی دەروونیی کیرکەگۆردا.

کیرکەگۆر پاش تەواوکردنی خوێندنی ناوەندی" چووە زانکۆی کۆپنهاگن بەشی تیۆلۆژی (خواناسی). لەم قۆناغەدا" لە ڕووی چالاکیی فێرخوازییەوە خوێندکارێکی ئاسایی بوو" هەرچەندە لە کۆڕ و کۆبوونەوەی قوتابیەکاندا بە هۆی زانیارییە دەوڵەمەندەکانیەوەو هەروەها بە هۆی زمانە

تەوسئامێزەکەیەوە، تەواو دەرکەوتبوو. پاش وەرگرتنی لە بەشی خواناسی" ئەوەندەی پێ نەچوو بۆی دەرکەوت کە لە بری خواناسی گرنگی بە فەلسەفە دەدات. شەیدای فەلسەفەی هیگڵ ببوو" کە ئەودەمە وەکو پەتایەك نەك هەر هەموو ئەڵمانیا بەڵکو ئەو کۆمەڵگایانەشی تەنیبۆوە کە کەمتر کۆمەڵگای فەلسەفی بوون. لە ڕاستیدا ئەم خەسڵەتە قووڵ و زۆر جیدییەی فەلسەفەکەی هیگڵ بوو هاوشان لەگەڵ تێڕوانینە مانەوییەکەی بۆ تەواوی بوون" کە کیرکەگۆری سەرسام کرد. لە ڕوانگەی سیستمە فەلسەفییە جیهانگیرەکەی هیگڵەوە، تەواوی بوون لە پرۆسەیەکی دیالەکتیکیدا کامڵبوونی بە خۆیەوە دەبینی. "تێز"ی یەکەم دەبووە هۆی هێنانە ئاراوەی "ئەنتی تێز" و لە ئەنجامی کاردانەوەی ئەم دووانەش "سینتێز" دروست دەبوو (کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا دەبووە "تێز"ێکی نوێ و ئیدی بەمجۆرە تا هەتایە).

نموونە کلاسیکەکەی هیگڵ لەم بوارەدا بەمجۆرە بوو:

"وجود یان بوون" تێزە، "نەبوون" ئەنتی تێزە و "هەبوون- یاصیرورة" سینتێزە.

لە ڕێی ئەم پرۆسە دیالەکتیکیەوە بوو کە بە بۆچوونی هیگڵ هەموو شتەکان لە ڕەوتی کامڵبوونیاندا بەرەو هوشیارییەکی زیاتر بە خود و دواجاریش بەرەو "ڕۆحی ڕەها" دەچوون. ئەو ڕۆحە ڕەهایەی کە لەبەرئەوەی لە خودی خۆی ڕادەکا" هەموو شتەکانی لەخۆ دەگرت. بە بۆچوونی هیگڵ گشت ڕواڵەتەکانی بوون بەشێکن لەو ڕۆحی ڕەهایە لە ڕەوتی دەرکەوتن و تەجەللای خۆیدا. ئەم ڕۆحە ڕەها جیهانگیرە تەنانەت ئایینیشی دەگرتە خۆ کە بە تێڕوانینی هیگڵ لە پلەی یەکەمی فەلسەفەی کۆتایی (واتە فەلسەفەکەی هیگڵ)دا بوو. ئەوەی وای لە کیرکەگۆری دەروونگەرا دەکرد بەم فەلسەفەیە سەرسام بێت، بە تایبەتی لە لایەنە ئۆدیپی و ئایینی و خودشەیداییەکەیدا ڕوون و ئاشکرا بوو.

هەرچەندە کیرکەگۆر یەکێك بوو لە لایەنگرە سەرسامەکانی هیگڵ، بەڵام هەر لە سەرەتاشەوە

پەیوەندیی لەگەڵیدا پەیوەندییەکی دیالەکتیکی بوو. هەر لەو پەیوەندییەیدا ڤینیشی لە هیگڵ دەبۆوە و سەرەنجامیش وایلێهات کە فەلسەفە دژە هیگڵیەکەی پڕبوو لە چەمکی هیگڵی، بە تایبەتیش لە بۆچوونیدا بۆ دیالەکتیك. بەڵام لە هەمووی گرنگتر، کیرکەگۆر لە سەرەتادا گومانی بەرامبەر بە "ڕۆحی ڕەها" و خودئاگایی (یان هوشیاری بە خود) هەبوو. بە بۆچوونی کیرکەگۆر "خودئاگایی" لەسەر ئاستی خود دێتە دی. ئەو پێی لەسەر ئەوە داگرت کە بە لای تاکەکەسەوە ئەم ئاستەی خود ئیدراکە کە زۆر لە "ڕۆحی ڕەها" گرنگترە. بە بۆچوونی هەندێ تۆژەر" لەم دژایەتیکردنەی کیرکەگۆردا بۆ چەمکی "ڕۆحی ڕەها"ی هیگڵی، دەتوانین دەنگدانەوەی زۆرانی نەستی لەگەڵ سێبەری قورسی باوکیدا بۆ سەر ژیانی ببیستین، بە تایبەتیش کە ئەو بەرامبەر بە "ڕۆحی ڕەها"ی باوکئاسا، توخمی خودگەرای لاو زەق دەکاتەوە.

هەر لەو ڕۆژگارەدا بوو کە پەیوەندییەکانی کیرکەگۆر لەگەڵ باوکیدا" گۆڕانی قووڵیان

بەسـەردا هـات. وا پێدەچـێت بـاوکی لـە کـاتی دانانـانی بە هەندێ شتدا لای ئەو باسـی ئەوەی کردبێـت کـە چـۆن ڕۆژێـك لـە ڕۆژان لەسـەر گردۆڵکەیەك لە جوتلند قسەی بە خوا گوتووە. دەڵـێن بـە ئاگـابوونی کیرکـەگۆر لـەم مەسـەلەیە یـەکێك بـووە لـە هۆکارەکـانی دووچـار بـوونی بـە شەپۆلێك پەشێوی و شڵەژان و پەرێشانحاڵی و، سـەرکردنە سـەر خواردنـەوەی مـەی لـە قۆنـاغی زانکۆیـدا. هەنـدێکی تـریش لـەو بڕوایـەدان کـە هۆکاری قووڵتر لە پشت ئەو حاڵەتانەیەوە هەیە. دەشـێ ئـەو لـەم قۆناغـەی ژیانیـدا بـە دوای بیانوویـەکی بەجێـدا گـەڕابێت تـا لـە ژێـر بـاری سـەنگینی بـاوکی ڕزگـاری بێـت. لـە لایـەکی تریشەوە ئەوە دەزانین کە ئەم دانپیانانەی باوکی بە تەنها بریتی نەبووە لە مەسەلەی قسەگوتنی بە خوا، بەڵکو لە وانەیە باسی ئەوەشی بۆ کردبێت کە کاتێ ژنەکەی لەسەر پێخەفی مەرگ بووە" ئەم سەروکاری لەگەڵ کارەکەرێکی خۆیدا هەبووە کە دواتر کیرکەگۆری لێبووە. تەنانەت لەمەش زیاتر، بـە بۆچـوونی ڕۆناڵـدا گریمسـلی و بـە گـوێرەی

هەندێ ئاماژە لە یادەوەرییەکانی کیرکەگۆردا، زانیویەتی کە باوکی تووشی سیفلیس بووە، نەخۆشییەك کە دەشێ بۆ کوڕەکەشی گوازرابێتەوە.

ئەو سەرکێشییانەی کە کیرکەگۆر لە ڕێی خۆنەبەستنەوەیەکی ئاکاریدا کردنی بریتی بوون لە مەیخواردنەوە و جگەرەکێشان لەسەر شەقامەکان و تەنانەت جارێکیان بۆ سۆزانیخانەیەك دەچێت و هەر لەو یەکەم ئەزموونەیەوە یادەوەرییەکی ناخۆش لە زەینیدا تۆمار دەبێت و سەرباری هەوڵ و تەقەللاکانی بۆ خۆڕزگارکردن لە ئایین، مەسیحیەت بە پەناگەی مانەویی ئەو مایەوە.

تاقە ڕووبەڕووبوونەوەی کیرکەگۆر لەگەڵ ئەزموونی سێکسیدا لە ژیانیدا هەر ئەمە بوو کە تووشی هەڵنووتانێکی توندی کرد. لە شوێنێکدا دەنووسێت: "من بێبەریم لەو سیفاتە جەستەییە سەرەکیانەی کە بۆ ئادەمیزادێکی ساغ و ئاسایی پێویستن" لە شوێنێکی تردا باسی ئێسقانی ناو برین و ناڕێکیی لەش و ڕۆحی دەکات. بۆ زانینی

وردەکاریی ئەم مەسەلە تایبەتیانەش" کە دەشێ بێتوانایی سێکسیش بگرێتەوە، تەنها دەبێ پشت بە مەزەنە ببەستین.

هەموو ئەم تایبەتمەندێتییانە، ژیان و کارەکانی کیرکەگۆریان کرد بە "حاڵەتێکی تایبەتی". دەتوانین بڵێین کە لەوانەیە هەر ئەم بەدبەختی و ناکامییانەش بووبن بە هۆی ئەوەی کە کیرکەگۆر زیاتر ببێت بە "مرۆڤ". هەموو ئەمانە کە وایان لەو دەکرد لە ژیان دوورەپەرێز بێت، لە هەمان کاتدا، بەرەو ژیانیش پاڵیان پێوە دەنا و سەرەنجام هەر ئەم ئازار و تێکشکانانەش بوون کە هانیان دا بایەخ بە بێهوودەیی و هەروەها بەلایەنە قووڵەکانی "دۆخی مرۆیی" بەرێت.

لە بەهاری ساڵی ١٨٣٦دا کیرکەگۆر تووشی قەیرانی نائومێدی بوو. هەستێکی سەیر سەبارەت بە دونیای دەروونیی خۆی بەسەریدا زاڵ ببوو، وایدەبینی کە دەروونی بۆگەن بووە و پڕبووە لە خۆپەرستی، تەنانەت ماوەیەك بیری لە خۆکوشتنیش دەکردەوە. لە ١٩ی مانگی ئایاری

١٨٣٨دا بـە ئـەزموونێکی ڕۆحیـی هەژێنـەردا تێپەڕی کە لە یادەوەرییەکانیدا بە "بوومەلەرزەی گەورە" ناوی دەبات. ئەو دەنووسێت: "تـەنها بە بیرکردنەوە لەوە ئارام دەبم کە باوکم ئەو ئەرکە گرانەی لە ئەستۆ گرتبوو کە بە ئایین تەسەللامان بداتـەوە و، یارمـەتیمان بـدات لـەوە تێبگـەین کـە ئەگـەر هـەموو شـتێکیش لەدەسـت بـدەین، بـەڵام دەرگایـەك هەیـە کـە بـە جیهـانێکی باشـتردا بـە ڕووماندا بکرێتەوە". بەم شێوەیە ڕێگای گەڕانەوە بـۆ خـوا و سازشـی دەروونـی لەگـەڵ باوکیـدا بـە ڕوویدا کرابۆوە. گۆڕانێك کە لە کاتی خۆیدا هات ئەوە بوو کە سێ مانگ دوای ئەوە باوکی مرد.

بەو جۆرەی کە ئەو دەیبینی" باوکی مردبوو تـا "ئەگـەر بشـێ مـن بـۆ خـۆم ببم بـە شـتێك". خەیاڵی بەهێزی کیرکەگۆر زۆرجار ئەفسانەی لەو ڕێکەوتانـە دەخوڵقانـد کـە تووشـی دەبـوون و کاریگەرییەکی قووڵیان لەسەری دەبوو. بەمجۆرە ئەو مانای بە ژیانی خۆی دەبەخشی.

بە مردنی باوکی پارەیەکی زۆری بە میراتی بۆ جێمـا" کـە بیسـت هـەزار کرۆنێـك دەبـوو. ئـەو

حیسابی کردبوو کە ئەم پارەیە بەشی دە تا بیست ساڵی دەکات. بەمجۆرە ئەو لە پڕێکا بوو بە یەکێك لە دەوڵەمەندترین پیاوە لاوەکانی کۆپنهاگن.

کیرکەگۆر پێنج شەش ساڵ تاقیکردنەوە کۆتاییەکانی زانکۆی دواخست. هەر لەبەرئەوەی کە باوکی حەزی دەکرد ئەم خواناسی بخوێنێت و ببێت بە قەشە، ئەو بەشەو ئەو کارەی کە ئەم حەزی پێیان نەدەکرد. بەلاَم هەموو شتێك گۆڕابوو. کیرکەگۆر بە شێوازە نائاساییەکەی خۆی گەیشتبووە ئەو ئەنجامەی کە هەرچەندە لەژێر زەبری باوکیدا نەماوە و لە ڕووی داراییشەوە پێویستی بە کارکردن نییە، بەلاَم ئەو لەو ڕووەوە قەرزاری باوکێتی کە دەبێ تاقیکردنەوە کۆتاییەکانی زانکۆ بدات.

کیرکەگۆر دوو ساڵی ڕێك بەوپەڕی جیدییەتەوە سەرقاڵی وانە و خوێندنەوە بوو و هاوکاتیش ڕاستگۆیانە هەوڵی دەدا وەکو مەسیحیەکی ڕاستەقینە بژی. لەو ماوەیەدا بوو کە کیژۆڵەی بنەماڵەیەکی ناوداری ناسی کە ناوی

ڕێـژین ئۆڵسـن بـوو. گەرچـی ڕێـژین دە سـاڵ لـە كیركـەگۆر منـاڵتر بـوو، بـەڵام بـە قـووڵی عـەودالّی ڕێژین بوو. خۆشەویسیتیی كیركـەگۆر بـۆ ڕێـژین لەگـەڵ داب و نـەریتی ئـەو زەمانەیـەدا تـەبا بـوو. كتێبـی بـۆ ڕێـژین دەنـارد، هـەروەها كتێبـی بـۆ دەخوێنــدەوە و پاشــنیوەڕوانی یەكشــەممانیش قۆڵیان دەكرد بە قۆڵی یەكدا و پیاسەیان دەكرد. لە لایەكی دیكەشەوە ئەم پیاوە لاوە دەوڵەمەندە" بـــەو پایـــە كۆمەڵایەتییـــە و بـــەو ماتییـــە سەرنجڕاكێشـەی بـە دەموچـاوی و ڕەفتارییـەوە بـەدی دەكـرا" ڕێـژینی سەرسـام كردبـوو. ئـەم میهرەبانی و خۆشەویستییەی كیركەگۆر بۆ ڕێژین زۆر قووڵ بوو" بەڵام لەسەر ئاستی ڕۆحی مایەوە. ئەم پەیوەندییەش بەلای ڕێژینەوە" بەو پاكیزەیی و بێگەردییەیـــەوە" شـــتێكی ســـەیر نـــەبوو. لەبەرئەوەی ڕەفتارێكی لـەو جـۆرە لـە كۆمـەڵگای خانـەدانانی ئـەو ڕۆژگـارەی دانیماركـدا" شـتێكی زۆر ئاســایی بــوو و لایــەنی جەســتەییش لــە پەیوەندییەكەدا دەكەوتە قۆناغـەكانی دواتـرەوە. بەڵام ڕێژین بـە هـەموو سـادەیی خۆیشـیەوە زوو

دەرکی بەوە کرد کە شەیدای پیاوێك بووە کەو لاوێکی ئاسایی نییە. کیرکەگۆر زۆر بە وردی ئەو کتێبانەی هەڵدەبژارد کە بە دیاری بە ڕێژینی دەدان. سەرەڕای ئەمەش سوور بوو لەسەر ئەوەی کە بە قووڵی باسی هەریەکێك لەو کتێبانەی بۆ بکات و لێکدانەوەی دروستیان بۆ بکات. پێدەچوو کیرکەگۆر بیەوێت ئەو دەسەڵاتەی باوکی بەسەر ئەمدا هەیبوو" ئەمیش بەسەر ڕێژیندا هەیبێت، هەرچەند ئەم بەو ڕەقییەی باوکی نەبوو. هیچ گومان لەوەدا نەبوو کە بە قووڵی ڕێژینی خۆشدەویست" بەڵام دەتگوت دڵی پێی دەڵێت کە خەوشێك لەم پەیوەندییەدا هەیە. جاری وابوو لە کاتی خوێندنەوەی کتێبێکدا، لە پڕێکا دەوەستا و چاوی پڕ دەبوو لە فرمێسك. یان لەو کاتانەدا کە ڕێژین پیانۆی لێدەدا. ڕێژین لە دەفتەری یادەوەرییەکانیدا نووسیبووی: "کیرکەگۆر تووشی مالیخۆلیایەکی ترسناك بووە"، ئەو حاڵەتەی کە تا دەهات زەمانە زیاتر ڕاستییە خەمهێنەکەی دەسەلماند.

دوای ئـەوەی تاقیکردنـەوەکانی‌دا“ ڕێـژین و کیرکـەگۆر بـە ڕەسمـی لـە یـەکتر مـارە کـران و کیرکەگۆر قۆناغی فێربوونی قەشەیی دەستپێکرد. ئەمانـە پایـەی "ژیـانێکی ئاسـایی" بـوون. بـەڵام کیرکـەگۆر نەیـدەتوانی ژیـانێکی ئاسـایی بـژی. خۆیشی دەیزانی کە ژیانێکی لەو جۆرە لە ڕووی دەروونـی و عـاتیفی و ڕوحـی و جەستەییشـەوە“ ئەسـتەم بـوو. کەچـی سـەرباری هـەموو ئەمانـەش ئەو "ئەستەم"ە ڕوویدابوو: ئەو عاشق بووبوو و ڕێژینیش لە پارێزراوێکی ڕوحی زیاتر بوو بە لای ئەوەوە. لەم کاتانەدا بوو کیرکـەگۆر هەستی کـرد هێزێك هەیـە بـەرەو ژیـانێکی بـاڵاتر لـە ژیـانێکی ئاسـایی دەبات. هێشـتا نەشـیدەزانی ئـەم ژیانـە باڵاترە چییە. تەنها ئەوەندەی دەزانی کە دەیەوێ ژیانی خۆی بۆ نووسین و فەلسەفە و خوا تەرخان بکات. ئەو هەسـتەی هـەبوو کـە بۆ گەیشـتن بـەو ژیانـە دەبـێ قوربـانی بـە هـەموو شـتەکانی دی بدات.

هــەر دوو ڕۆژ دوای مارەبڕینەکــەی ڕێــژین، کیرکـەگۆر گەیشـتە ئـەو ئەنجامـەی کـە هەڵـەی

کردووه. بۆیه هەوڵی دا بە گونجاوترین شێوه ئەم مارەکردنە هەڵوەشێنێتەوه" بەڵام ڕێژین سەری لەو مەسەلەیه دەرنەدەچوو. سەرەنجام کیرکەگۆر ئەڵقەی مارەییەکەی بۆ ڕێژین ناردەوه" وەلێ ڕێژین هەر تێنەگەیشت مەسەلە چییه. بەمجۆره بوو کە ڕووداوێك لە ژیانی کیرکەگۆردا ڕوویدا کە بووه مایەی سەرقاڵکردنی بەردەوامی بیروهۆشی بۆ هەتاهەتایە. ساڵانێکی زۆر ڕەفتاری خۆی شیکردەوه. بە خەیاڵاتەوه لێی ڕادەما، خۆی فریو دا و، بە ڕاستگۆییەکی خەمگینانەوه لە کاردانەوەکانی خۆی ورد دەبوۆه. چەند زیاتر لەوبارەیەوه داخ دەچووه دڵییەوه" بیرکردنەوەکانیشی قووڵتر دەبوونەوه. ئەوەی بە ئازاری هەڵبژاردن دەستی پێکرد" سەرەنجام بوو بە ناونیشانی نووسراوێکی: "ئازاری هەڵبژاردن" ئەو دووڕییانەی کە هەموو مرۆڤایەتی ڕووبەڕووی دەبێتەوه. پرسیاره تایبەتیەکەی کیرکەگۆر کە "دەبێ چی بکەم؟" لە قاڵبی "دەبێ چۆن بژین؟"دا بوو بە پرسیارێکی گشتی. کیرکەگۆر دوو سەرچاوەی ئیلهامی بۆ

فەلسەفەکەی لەبەردەستدا بوو. ئەزموونەکەی باوکی و ئەزموونەکەی ڕێژین. لە بۆتەی ئەزموونە پڕئازار و نیوروسی (عصابی) و وەسواسئاساکەی کیرکەگۆردا بوو" کە بێتواناییەکانی بوون بە خودی "دۆخی مرۆیی".

کیرکەگۆر پاش هەڵوەشاندنەوەی مارەییەکەی لەگەڵ ڕێژیندا" چوو بۆ بەرلین و ساتێك لەوێ مایەوە. لەم ماوەی مانەوەیەیدا بوو لە بەرلین کە لە وانەوتنەوەکانی فەیلەسووفی ڕۆمانتیك و ئایدیالیستی ئەڵمانی (شیلینگ)دا ئامادە دەبوو. شیلینگ لەو وانانەیدا ڕزگاربوونی هزری ئەڵمانیی لە کاریگەرییە قووڵەکانی هیگڵی" کردبووە ئاقاری خۆی. ئەو وانانەی توێژێکی فراوانی بیرمەندانی ئەودەمەی ئەورووپای بەلای خۆیدا ڕاکێشابوو. هەر لە ئەنارشیستی ڕووسی (باکۆنین)ەوە تا مێژوونووسی ئەڵمانی (بورکهارت) و هەروەها (ئینگلز)ی هاوبیر و هاوکاری نزیکی کارل مارکس. ئەم سێ هەڵکەوتووەش وەکو کیرکەگۆر دەیانویست خۆیان لە کاریگەرییە گشتگیرەکەی

بیروباوەڕەکـانی هیگـڵ ڕزگـار بکـەن (هەرچـەند هەموویان لەژێر کاریگەریی زۆری ئەودا مانەوە).

بەڵام کیرکەگۆر ئاقارە فەلسەفیەکەی شیلینگی لا پەسەند نەبوو. بە ڕای ئەو شیلینگ لەو خاڵە سەرەکیە خافڵ بوو کە سیستمە فەلسەفیەکەی هیگـڵ (و لـە ڕاسـتیدا تـەواوی سیسـتمە فەلسەفیەکان) تایبەت بوو بە ڕابردوو. سیستمێك کە لەسەر بنچینەی ئەقڵ بنیات نرابێت (کە هەموو سیسـتمەکان وان) بـە تـەنها دەتوانـێ لایەنـە ئەقڵانیـەکانی جیهـان لێکبداتـەوە و بـەس. کیرکـەگۆر لـەو ڕاسـتییە تێگەیشـتبوو -بـە تەواویش تاقیی کردبۆوە- کە خود ئەقڵانی نییە.

لە کۆتایی ساڵی ١٨٤٢دا کیرکەگۆر گەڕایەوە بۆ کۆپنهاگن و دەسنووسێکی گەورەشی لەگەڵ خۆیدا هێنایەوە کە ناوی "یان ئەم، یان ئەو، بەشێك لە ژیان" بوو. سیفەتە ژیاننامەییەکەی ئـەم ناونیشـانە بـە زەقـی دیـارە. بـەڵام لەگـەڵ ئەمەشدا کیرکەگۆر ئەمەی بە ناوێکی خوازراوەوە، یـان ڕاسـتتر وایـە بڵـێین بـە چـەند نـاوێکی خوازراوەوە بڵاوکردەوە.

مەسـەلەی ئـەم نـاوە خوازراوانـەش خـۆی لـە خۆیــدا مەســـەلەیەکی ئــاڵۆزە. لـــە ســـەرەتای کتێبەکەدا هاتووە کە ئەو کەسەی بە کتێبەکـەدا چـــووەتەوە“ واتـــە ڤیکتـــۆر ئارمیتـــا، نوســـخە دەسنووسـەکەی ئـەم کتێبـەی لـە چەکمەجەیەکی شــاراوەدا دۆزیوەتـــەوە. نــاوی بنەماڵــەی ئــەم کەسـەش لـە وشـەیەکی زمـانی کـۆنی یۆنانیـەوە وەرگیراوە کە بە مانـای "تـەنیا و تـەرەکراو" دێ. (هەڵبـــەت پێویســـتە ســـەرنج لـــە مانـــای نـــاوە بچووکەکەش بـدەین: ڤیکتـۆر واتـە سـەرکەتوو). ئارمیتـا پـاش خوێندنـەوەی ئـەم یادەوەرییانـە“ دەگاتـە ئـەو ئەنجامـەی کـە دوو کەسـی جیـاواز نووسـیویانە. یەکـەمیان قازییەکـە نـاوی ڤیلـهلم (کەســـێتیی B) و دووەمیشـــیان هـــاوڕێ بـــێ ناونیشـــانەکەی قازییـــە (کەســـێتیی A). ئـــەو بەشــانەی کــە دەگــوترێ گوایــە قــازی ڤیلــهلم نووسیونی، دوو نامە لەخۆ دەگرێت (لـە شـێوەی نامـەی درێـژدا) و لـە کۆتاییشـیدا ئامۆژگارییـەك هەیە کە وەکو قازی ڤیلـهلم دەڵێت“ قەشـەیەکی نەناسـراوی خـەڵکی جۆتلەنـد نووسـیویەتی. لـە

بەشـەکانی تـری کتێبەکـەدا پارچـە نووسـینی بـەناوبانگی "یادەوەرییـەکانی هەڵخەڵەتێنـەرێك" دێت.

لە سەرەتای ئەم پارچە نووسینەدا، کەسێتیی A دەڵێـت کـە ئـەم نوسـینەی لـە هاوڕێیەکیـەوە دزیوە کە ناوی یۆهانزە. ڤیکتـۆر ئـەرمیتاش ئـەم قسەیەی کەسێتی A بە درۆ دەخاتـەوە و دەڵێت لەوانەیـە کەسـێتیی یۆهـانزی هەڵخەڵەتێنـەر بـوونێکی دەرکیـی نـەبێت و دروسـتکراوی کەسێتیی A بێت و ئەو لافەی A لێی دەدات کە ئـەو بـە تـەنها بـا یادەوەرییەکانـدا چـووەتەوە "فێڵێکـی کـۆنی چیرۆکنووسـەکانە". لـە کۆتـایی پێشـەکیەکەدا، ڤیکتـۆر ئـەرمیتا بـە باسـکردنی ئەوەی کـە ئـەو حوکمـەی سـەرەوە دەشـێ بەسـەر پیاچوونەوەکەی ئەمیشدا بسەپێت، ئەوەندەی تر مەسەلەکە ئاڵۆز دەکات.

پێدەچێت کیرکەگۆر دیسانەوە خۆی لە دۆخی دژواری ئـازاری بـێ بڕیاریـدا دیبێتـەوە. بـە شێوەیەکی سادەتر بیڵێم“ هەم دەیویست لەودیو نـاوە خوازراوەکانـەوە خـۆی بشـارێتەوە و هـەم

دەیشیویست ئاشکرای بکات کە ئەم ناوانە خوازراون. ئەو نکووڵی لەوە دەکات کە "یادەوەرییەکانی هەڵخەڵەتێنەرێك" جگە لە بەسەرهاتی خۆی لە پەیوەندیدا لەگەڵ ڕێژیندا هیچی دی نییە. بەڵام لە دەقی بیرەوەرییەکاندا ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە ویستوویەتی بە شێوەیەکی نائاشکرا ئەو زانیارییانە بە ڕێژین بگەیەنێت" تا لەو عەزابەی ئاگاداری بکاتەوە کە چەشتوویەتی.

تەواوی ئەم کارە بێزارکەر و پەرشوبڵاوە لە پێناوی مەبەستێکی جیدیدا نووسراوە. کیرکەگۆر وەکو بەشێك لە ئاقارە دیالەکتیکیەکەی خۆی کە لە هەموو بیروبۆچوونەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە" دەیویست کۆمەڵێك بابەت لە گۆشەنیگای جیاوازەوە بخاتە بەر حوکم و داوەری.

نەیدەویست هیچ یەکێك لەو گۆشەنیگا جیاوازانە بە ڕاست یان بەڵگەنەویست (یان تەنانەت بە دەربڕینی بۆچوونی نووسەرەکەی) لە قەڵەم بدات و، ئەوە خوێنەرە کە پێویستە بڕیار بدات لەناو ئەو ڕێگا جیاواز و هەندێ جار

دژبەیەکانـــەدا" کامیـــان هەڵبـــژێرێت. بـــەر لـــە کیرکـەگۆر، ئـەفلاتونیش بـۆ خۆپاراسـتن لـەوەی نووســـینەکانی ڕێگایـــەکی فێرگوزارییانـــەی ڕاســـتەوخۆ بگرنەبـــەر، بـــە شـــێوەی گفتوگـــۆ دەیخســتنەڕوو. بـەڵام کیرکـەگۆر گۆشـەگیر بـوو، تەواوی گفتوگۆکانیشی لە هۆشی تاقەکەسێکدا ڕوویان دەدا، مەیدانی فەلسەفەکەی ئەو بریتـی بوو لە خود.

با بزانین کیرکـەگۆر لـە کتێبـی "یـان ئـەم یـان ئەو"دا چیی گوتووە. لە بنەڕەتدا لەم کتێبەیدا دەڵێت کە ئێمە دەتوانین بە دوو شێواز بژین:

١-شێوازی جوانخوازانە (ئیستاتیک).

٢-شێوازی ئاکارانە (یان ئاکاری- ئەخلاقی).

هەموو کەسێك بە ئازادییەوە دەتوانـێ یـەکێك لـــەو دوو شـــێوازەی ژیـــان هەڵبـــژێرێت. سەرچاوەکانی بوونگەرایی (ئێگزیستانسیالیزم) لێرەدایە. لە پرۆسەی هەڵبژاردنی یەکێك لەم دوو شـێوازەدا" هـەر کەسـێك دەبـێ بەرپرسـیارێتیی تەواو لە ئەستۆی خۆی بگرێت. هەڵبـژاردنێك کـە بە شێوەیەکی بنەڕەتی خەسڵەتی تەواوی بوونی

ئــەو دیــاری دەکــات. کەســانێك کــە شــێوازی جوانخوازی (ئیستاتیك) هەڵدەبژێرن" لە بنەڕەتدا بۆ خۆیان و ڕەزامەندیی خۆیان دەژین. هەڵبەت ئەمەش بە مانای ئاقارێکی ڕووکەشانەی ژیان نایــەت. ئەگــەر لــە ڕوانگەیــەکی فــراوانترەوە بیربکەینەوە" کاتێ دەمانەوێ خۆمان ڕازی بکەین" لە هەمان کاتدا دەمانەوێ ئەوانی تریش ڕازی بن. لە ڕاستیدا دەتوانین بڵێین کاتێ خوێندکارێك کە تــەواوی ژیــانی بــۆ دۆزینــەوەی چارەســەری نەخۆشــییەك تــەرخان کــردووە و لــەم ڕێیەشــدا قوربانیی بە هەموو چێژە تایبەتی و خێزانی و کۆمەلایەتیەکانی داوە" ئەگەر هەموو ئەمانە تەنها لــە پێنــاوی ئــەوەدا بووبێــت کــە چــێژ لــە لێکۆڵینەوەی زانستی ببینێت، کەواتە شێوازی ئیســتاتیکیی لــە ژیانــدا هەڵبــژاردووە. هەڵبــەت دەبــێ ئــەوە بڵــێین کــە بــە پێــی ڕوانینــی دەروونناسیی نوێ و لە کۆمەڵگای لیبراڵدا، زۆر زەحمەتە کەسێك بدۆزینەوە کە لەسەر شێوازی ئیستاتیك نەژی. ئێمە هەمووومان و لە شێوەی

سەیروسەمەرەدا هەڵوەدای لەززەت و ڕەزامەندیین.

ناتەبایی کیرکەگۆر لەگەڵ ئەم شێوازەدا“ ئەدگاری ڕۆژگار و زێدی (ئەسکەندناڤیای خۆپارێزی بەر لە فرۆید) بوو. بەڵام شیکردنەوەی بۆ مانای ئەم شێوازە تابڵێی جوان و قووڵە. ئەو دەیزانی چی دەڵێت. خۆی کاتێك قوتابی بوو بەم جۆرە ژیابوو، ئێستاش کە تۆوخمێکی ئەو شێوازەی تیا ماوەتەوە“ هەست بە گوناه دەکات. ئەو کەسەی کە لەسەر شێوازی ئیستاتیك دەژی دەسەڵاتی بەسەر بوونی خۆیدا نییە. کەسێکی هەلپەرستە“ کە تەنها دوای لەززەت و ڕەزامەندیی خۆی کەوتووە. دەشێ ژیانی بە خودی خۆی ناکۆك بێت و دوور بێت لە سەقامگیری و یەقینەوە. لە دیدێکی وردترەوە، ئەم ژیانە هەمیشە "تاقیکارانە"یە و هەرواش دەمێنێتەوە. لەبەرئەوەی ئێمە عەودالی لەززەتێکی دیاریکراو دەبین لەبەرئەوەی ئێمە بەلای خۆیدا ڕادەکێشێت.

ناکامڵی و نوقسانیی ئەم دیدگایە بنەڕەتییە، لەبەرئەوەی ئەمجۆرە ژیانە پشت بە جیهانی

دەرەوە دەبەستێت. "چاوەڕێی هەموو شتەکان لە دەرەوە دەکات" هەر بۆیە ئەمجۆرە شێوازە بەردەوام لەژێر کاریگەریدایە و لە ئازادی بێبەرییە و پشت بە هۆکارگەلێك دەبەستێت کە دواجار لە دەرەوەی دەسەلاتی ئێمەدان. شتی وەکو دەسەلات، پارە و یان تەنانەت خۆشەویستیش، ئەمانە شتگەلێکن کە دەشێن و دێنە دەست و "کاتی"ن. شتێکی "پێویست"یان تیا نییە. ئەگەر ئێمە لەم خالانە تێبگەین" دەزانین کە بۆچی ژیانی ئیستاتیکی ژیانێکی نوقسانە. ئەو کەسەی بەم شێوازە دەژی" درەنگ یان زوو هەست دەکات ماناو یەقین لە ژیانیدا نامێنێت، ئەمەش دەبێتە مایەی نائومێدیی ئەو کەسە.

ئەم نائومێدییەش لەوانەیە ببێتە مایەی دواکەوتن یان نکوولیی لێبکرێ و یان بە ژیانێکی ڕێزدارانەی بۆرژواییانە بە تەواوی فەرامۆش بکرێ. لە سەرێکی تریشەوە دەشێ کە ئەو کەسە هەمان ئەم نائومێدییە بە مانای ژیانی خۆی دابنێت، یان دلی خۆی خۆشبکات بەوەی کە لانی کەم یەقینێك لە ژیانیدا هەیە و ناتوانن لەو شتە

بێبەشی بکەن. هەروەکو پاڵەوانی تراژیدیاکان خۆی بە قوربانیی چارەنووسێك دەزانێت کە سروشت بۆی دیاری کردووە و لە ڕێی هەستکردن بە شانازییەوە ئارامی بەدەست دەهێنێت.

کیرکەگۆر هەر زوو بە هەڵەداچوونی ئەم "قەدەرخوازە فریودەرە" ڕووندەکاتەوە و دەڵێت کە ئێمە بە قبووڵکردنمان بۆئەوە خۆمان لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ حەقیقەتێکی ژیانیدا بەدوور دەگرین. حەقیقەتێك کە بوونی ئێمەیە. ئێمە تەنانەت توانای ئازادیش ڕەت دەکەینەوە. بە قبووڵکردنی ئەوەی کە "چارەنووسمان دیاریکراوە" لە بەرپرسیارێتیی چارەنووسی خۆمان هەڵدێین. نابێ حیسابی ژیانی خۆمان بدەینە دەست کەس. دامەین بە دەست چارەنووسمانەوە. ئیدی چۆنین و چۆن دەژین نە هچیمان لێ دەگۆڕێت و تەخسیرییەکە لە ئێمەوەیە.

کیرکەگۆر لە پیشاندانی لایەنە ئارامبەخشەکانی ئەو خۆفریودانانەدا دەستێکی

باڵای هەیە. لە ڕەتکردنەوەیدا بۆ ئەو شتەی لە قۆناغی خوێندکاریدا باوەڕی پێ بوو، خۆی ئەمەی تاقی کردبووەوە.

هاوکات لەگەڵ ئەوەدا کە چین چین پەردە لەسەر ئەم خۆفریودانانە هەڵدەماڵێت" ڕێگای دەرچوونیشمان لە هەلومەرجەکانی ژیانی ئیستاتیکی پیشاندەدات. دەشێ ئێمە لەگەڵ ئەنجامگیرییەکەی کۆتاییدا نەبین (کە بە ناچاری هەر مەسیحییەتە لە بەرگێکی ڕۆحی و ڕووگرژدا)، بەڵام بەڵگەهێنانەوە هەنگاو بە هەنگاوەکانی ئەو قەناعەت پێکەرن. لەبەرئەوەی ئێمە لە چاڵی نائومێدی دەردەهێنێت و بەرەو جۆرێك لە ژیان ڕێنماییمان دەکات کە دەبێ تیایدا بەرپرسیارێتیی تەواو لە ئەستۆ بگرین.

ئەو نائومێدییەی کە کیرکەگۆر باسیدەکات دۆخێکی زۆر قووڵ و جیدییە کە لەم سەردەمەماندا برەوی سەندووە. کیرکەگۆر لە دیاریکردنی سنوورەکانی ئەم نائومێدییەدا – شێوەکانی و ئەو بەهەڵەداچوونە سایکۆلۆژییانەی کە لە پشتیەوە خۆیان حەشار

داوه– توانای پێشبینیی خۆیمان پیشاندەدات. ڕێگەچارەشی بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو نائومێدییەدا ڕیشەییە. بە بۆچوونی ئەو تاقە وەڵامی ڕاست بۆ ئـــەم دۆخـــە لـــە ئەســـتۆگرتنی تـــەواوی بەرپرسـیارێتیی بـوون و ژیانمانـە. ئەمـە و نـەك پەیامـــە مەســـیحییەکەی، پڕکاریگـــەرترین دەســـکەوتی کیرکـــەگۆرەو، ســـەدەیەك پـــاش مردنیشی گرنگیی زیاتر دەرکەوت. لەبەرئەوەی تاکەکەس چەند پتر باوەڕی بە خوا لە دەست دا" خۆی لەبەر هەڕەشەی دەروونناسیی جەبرگەرا و نوقمبـــوون لـــە "کـــەلتووری ڕەمـــەکی" و یـــان دانپیانـانی لـە لایـەن سیسـتمە تۆتالیتارەکـان و یـــانیش ونبـــوون لـــە ئاڵۆزییـــەکانی زانســـتی مۆدێرندا" بینییەوە. بە زۆری وا دێتە بەرچاو کە "ســـەرلەنوێ خوڵقاندنـــەوەی خـــود" لـــە ســـای هەڵبـژاردنێکی هوشـیارانەدا" تاقـەڕێی زاڵبوونـە بەســـەر نائومێدیـــدا. کیرکـــەگۆر وتـــی تاقـــەڕێی دەرچوون لەو چاڵە "بە قووڵی و بە ڕاستگۆییەوە ویستن"ە.

بەمجۆرە کیرکەگۆر ئێمە بۆ شێوازەکەی تری ژیان ڕێنمایی دەکات کە بەرامبەر بە شێوازی ئیستاتیکییە، واتە: شێوازی ئاکاری (ئەخلاقی). ئەمەیان مەیدانی ڕەهای خودە و "هەڵبژاردنی خود- یان خۆهەڵبژاردن" گرنگترین ئەرکێتی. کەسێك کە بە شێوازی ئاکاری دەژی لە ڕێی هەڵبژاردنەوە خودی خۆی دەخولقێنێت، ئامانجی بوونی ئەمجۆرە شێوازە خۆخولقاندنە. لە کاتێکا لە شێوازی ئیستاتیکدا، تاکە کەس خودی خۆی چۆنە هەروا قبووڵی دەکات. لە شێوازی ئاکاریدا بە هەڵبژاردنی خۆی خەریکی ناسین و گۆڕینی خودی خۆیەتی. ڕێنماشی لەم کارەدا، ناسینی خود و قبووڵنەکردنی ئەوەیە کە هەیە و تەقەللایە بۆ چاککردنی.

لێرەدا جیاوازیی بنەڕەتی لە نێوان ژیانی سەر بە شێوازی ئیستاتیك و شێوازی ئاکاریدا دەبینین. یەکەمیان گرنگی بە جیهانی دەرەوە دەدات و دووەمیشیان بە جیهانی ناوەوە. تاکەکەسی ئاکارگەرا دەیەوێ خۆی بناسێت تا بتوانێت خۆی چاك بکات. ئامانجی

بەدەستهێنانی "خودێکی ئایدیال- یا نموونەیی-"ە. هۆی ئەوەش کە بۆچی دەبێ ئەمە هەڵبژێرێت، تەواو ڕوون نییە، مەگەر ئەوەی قەناعەتمان بەوە بێت کە تاکەکەس لە ڕەوتی خۆناسیندا بە ناچاری بە ڕۆشنگەری دەگات و لەم ڕووەشەوە دەیەوێ بۆ ژیانێکی بالاتری گونجاو لەگەڵ پێودانگە ئاکارییەکاندا تێبکۆشێت.

شتێکی ئاشکرایە کە تاکەکەسی ئاکارگەرا لە ژیانی شێمانەیی و قەدەری و ناسەقامگیری و کاتی بە دوورە. ئەو "گشتێتی لە ژیانی خۆیدا پیشاندەدات" و لەم ڕەوتەشدا پێدەخاتە نێو مەیدانی کۆمەڵێك گوتەزای لە چەشنی چاکە و خراپە و ئەرکەوە. پاساوهێنانەوەکانی کیرکەگۆر سەبارەت بە چۆنێتیی گۆڕان و ڕەوتی تاکەکەسی ئاکارگەرا لەوپەڕی خودگەراییەوە بۆ ئەم "شێوە گشتییەی ژیان" بە زەحمەت قەناعەتمان پێدەکات. ئەو پشت بەو گریمانەیە دەبەستێت کە ئێمە بە شێوەیەکی خۆڕسکانە لە ناخماندا بۆ مەسەلەی ئاکاری دەوروژێین و بە مەسەلەیەکی

بالاتری دادەنێین و بەرەو لای دەچین. هەروەکو ئاماژەشم پێدا" دەروونناسیی سەدەی بیستەم ئەوە دەخاتە ژێر گومانەوە کە مرۆڤ بە شێوەیەکی خۆڕسکی بۆ مەسەلەی ئاکاری ببزوێت. لە لایەکی تریشەوە ئەو قەناعەتەی کە ئێمە بە شێوەیەکی خۆڕسکی بە لای چاکەدا دەیشکێنینەوە" لە کۆنترین بەهەڵەداچوونەکانی ئاکارگەراکان بووە بە درێژایی مێژوو.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا کیرکەگۆر بە وردی شێوازی ئیستاتیکی و شێوازی ئاکاریمان بۆ ڕوون دەکاتەوە. یەکێکیان ئاراستەی بەرەو دەرەوەیە، قەدەر گەرایە، ناسەقامگیر و خۆوێرانکەرە. ئەوی تریشیان ئاراستەی بەرەو ناوەوەیە، پێویستە، دروستکەری کامڵبوون و خودخولقێنە. ئەمە قەناعەتێکەر دێتە بەرچاو، بەلام هەڵەیەکی تیا دەبینین. ئێمە هەرگیز ناتوانین ژیانێکی ئاکاریی پەتی هەڵبژێرین، چونکە بەردەوام توخمی دەرەکی و کاتی لە ژیانماندا هەیە و دەبێت. تەنانەت ئەگەر شێوازی

ئاكـاريش لـه ژيانـدا هەڵبـژێرين، بـه ناچـاری توخمێك لە شێوازی ئیستاتیکی هەردەمێنێتەوە.

ئەم ناپەتیبوونە ناچارییەی شێوازی ئاکاری" لـه هـزری کیرکـەگۆردا و لـه ڕێـی پرۆسـەیەکی دیالەکتیکیـەوە" بـە شـێوازێکی تـری سـێیەم دەگـات، کـە سـینتزی هـەردوو شـێوازەکەی پێشووە. ئەو ئەم سینتزە ناودەنێت "شێوازی ئایینی" و لە کتێبەکەی دواتریدا واتە "ترس و لـەرز" کـە بـە نـاوی خـوازراوی "یۆهـانز دسـیلنتیڤ"ەوە بڵاوی دەکاتـەوە" لـە بارەیـەوە دەدوێت.

کیرکـەگۆر لـەم کتێبـەدا لەسـەر بابـەتی بـاوەڕ "ئیمان" قسەدەکات و بە کرداری خودی کۆتـایی لە قەڵـەم دەدات، کـە نائەقڵانییە، پرسیارێکە لـە سـەروو هـەموو پاسـاوێکی شـیاوەوە. هـیچ پەیوەندییەکیشـی بـە ئاکـار و ڕەفتـاری باشـەوە نییـە. شـێوازی ئاکاریی ژیـان، بـەو مانایـەی کـە بریتییـه لـه هەڵبـژاردنی بەرپرسـیارانە و خۆخولقێنانە" ناتوانێت تەواو پێ بە پێی بزاوتی ئیمـان بـەرەو پێشـەوە بچـێت. ئـەم "بالابوونـە

نائەقڵانییــەً" دەچــێتە ســەروو ئاکــارەوە کــە پێویستی بە ڕەفتاری ئەقڵانییە. ئیمان تاکەکەس بـە بـوونێکی بـاڵاترەوە دەبەسـتێتەوە کـە خـۆی سەرچاوەی هەموو شتێکی ئاکارییە. بە بۆچوونی کیرکەگۆر ژیانی ئاکاری لـە بنەڕەتدا بە چەمکی کۆمەڵایـەتیی ئایینـەوە پەیوەستە، بـەڵام چـوونە نـــاو مەیـــدانی ئایینیـــەوە" پێویســـتی بـــە "هەڵپەســـاردنی ئامانجگەرایانـــەی مەســـەلەی ئاکارییە". بە دەربڕینێکی دی بۆ کارئاسانی لـە بــە دەســتهێنانی ئامــانجێکی ڕەســەنتر (واتــە ئیمــان)دا و هــەروەها بــۆ تێپەڕانــدنی ئاکــار و وەدیهێنـانی نیـازێکی قـووڵتر" پێویسـتە پێـوەرە ئاکارییەکان هەڵپەسێرین.

بە ڕای کیرکەگۆر، دەتوانین ئایین بـە سـینتزی دیالـەکتیکیی ئیسـتاتیك و ئاکـار بـزانین. ئـایین ناوەوە و دەرەوە و یەقین و نایەقین لەخۆ دەگرێت (بزاوتی ئیمان لە سەروو هـەموو یەقینێکەوەیـە). کیرکەگۆر هەوڵدەدات لە ڕێـی چیرۆکی حـەزرەتی ئیبراهیم و حەزرەتی ئیسحاقەوە حاڵـەتی ئـایینی ڕوون بکاتـەوە. بـە پێـی تـەورات" خواوەنـد بـۆ

تاقیکردنەوەی ئیمانی ئیبراهیم" فەرمانی دەداتێ ئیسحاقی کوڕی بکات بە قوربانی (لە قورئاندا حەزرەتی ئیسماعیلە نەك ئیسحاق-و-). ئاشکرایە کە ئەم کارە کارێکی نائاکارییە، بەڵام ئیمانی ڕاستەقینە (کە پێویستە لە قۆناغی ئاینیدا هەبێت) نیازە خوداییەکان لە خۆ دەگرێت کە تەواوی پێودانگە ئاکارییەکان دەگرێتەوە.

ئیبراهیم بەبێ هیچ دوودڵییەك سەبارەت بەم کارە" گوێڕایەڵیی فەرمانەکەی خواوەند دەکات. لێرەدا ئەو لەسەر ئاستی ئایینی دەژی، کە لە ئاستی ئاکاری باڵاترە، لەبەرئەوەی ئیمانی بە خواوەندێتییە کە سەرچاوەی ئاکارە. لەوانەیە زۆر کەس ئەمە بە شێتییەکی خەتەرناك بزانن. هەڵبەت دیندارە توندڕەوەکان بە درێژایی مێژوو لەمجۆرە ڕەفتارەیان کردووە، وەك چۆن ستەمکارەکانیش کردوویانە. بەڵام کلیلی مەسەلەکە لە دەروونناسیدایە. تاقە بەرگریی ڕاستەقینە کە کیرکەگۆر بتوانێ لە خۆی بکات

ئەوەیـــە کـــە ئـــەوەی مەبەســـتێتی" دیـــالۆگێکی ڕوحییە" نەك کارێکی کۆمەڵایەتی.

ئەگەر وەکو دوو توخمی جیاوازی کەسێتییەك بڕوانینە حەزرەتی ئیبراهیم و حەزرەتی ئیسحاق" لەوانەیە مەسەلەکەمان لا ڕوونتر بێت و هـەروەها زیـاتریش ببێتــە مایــەی قەناعــەتکردنمان. بـۆ گەیشتن بە هەر ئامانجێك قوربانیدان (فیـداکاری) پێویستە. عادەتەن ئەم قوربانیدانەش نائەقڵانییە و دەشێ لەگەڵ دەرککردنی پێشوەختی ئێمەشدا بۆ ڕاستی و چەوتی یەك نەگرێتەوە. لـە دیـدێکی دەروونییـەوە" زۆرجـار ئێمـە لـە ڕێـی بزاوتێکـی نامــەعقولی ئیمانــەوە مەبەســتەکانی ناوژیانمــان دەبینینــەوە، کــە پەیوەندییــەکی ئــەوتۆی بــە ئاکــارەوە نییــە. کیرکــەگۆر ئەمــە بــە ئایینــەوە دەبەستێتەوە. بەڵام ئەمە شتێك نییە لەسەر ئایین پاوان بێت، بەڵکو سەبارەت بە هەر کەسێك ڕاستە کــە ئامانجێــك بــە ژیــانی خــۆی دەدات. لــە هونەرمەندێکـەوە بیگــرە تــا سیاســەتمەدارێك. هەروەکو کیرکەگۆریش وتویەتی: "ژیانی شاعیر

له ناكۆك بوونیەوە لەگەڵ تەواوی بووندا دەست پێدەكات".

لێدوانی كیركەگۆر لەسەر چیرۆكی ئیبراهیم و ئیسحاق درێژە دەكێشێت. پەیبردن بە هۆی ئەمەش شتێكی دژوار نییە. دیسانەوە دەنگدانەوەی پچڕانی پەیوەندی لەگەڵ ڕێژیندا دەبیستین. هەروەكو بینیمان لەوانە بوو كارێكی وا لە ڕووی ئاكارییەوە نادروست بكەوێتەوە“ بەڵام كیركەگۆر بۆ بەدواداچوونی ژیانێكی ئایینی ئەوەی بە پێویست زانی، بە هەمان شێوە بیستنی دەنگدانەوەی پەیوەندیی لەگەڵ باوكیشیدا دەبینینەوە.، لە دوا چركەساتدا خواوەند دەستی ئیبراهیمی گرت و نەیهێشت ئیسحاق بكرێ بە قوربانی. باوكێكی دەسەڵاتخوازیش كیركەگۆری تا سەر هەڵدێری كەوتنێكی ڕوحی برد، بەڵام پاشان مرد تا "ئەو ئەگەر بتوانێت ببێت بە شتێك".

تا سی ساڵی“ كیركەگۆر ژیانی خۆی بۆ نووسین تەرخان كرد. دوای ئەوەی هاوڕێكانی زانكۆی لە دەوری نەمابوون و ئەو لە تەنیاییەكی

ڕەهادا دەژیا. تەنها بۆ پیاسەی دوور و درێژ لە ماڵەوە دەچووە دەرەوە. لە شەقامەکانی کۆپنهاگندا" بە سەروسیمایەکی باریك و چەماوەوە و پانتۆڵێکی دەرلنگ تەسکەوە دەردەکەوت، کە بەردەوام دەرلنگێکیان لەوی تریان کورتتر بوو و هەمیشەش پیرتر لە تەمەنی خۆی دەهاتە بەرچاو. لەم پیاسانەیدا جار جار دەوەستا و لەگەڵ منداڵاندا دەدوا و هەندێ جاریش دیاریی بچووکی دەدانێ. ڕەنگە ئەو منداڵانەش بە سوپاسێکی تێکەڵ بە ترس و زۆرزانیەکەوە ئەو دیارییانەیان لەم پیرەمێردە لاوە سەیر و سەمەرەیە وەرگرتبێت.

لە کۆتایی هەفتەکاندا گالیسکەیەکی بەکرێ دەگرت و بەناو باخ و باخاتی شار و دەوروپشتیدا دەگەڕا. چاوەڕێی ئەوەی دەکرد کە خەڵك بە جوانی ڕەفتار لەگەڵ کوڕی دەوڵەمەندترین بازرگانی کۆپنهاگندا بکەن. گەرچی بنەماڵەکەی ئۆڵسن لەسەر ڕەفتاری لەگەڵ ڕێژیندا بە توندی لەو زویر بووبوون و لە کۆمەڵگای سەنگینی خۆیان دەریانکردبوو.

ڕۆژانـــی یەکشـــەممە دەچـــوو بـــۆ کڵێســـا و پێدەچـــێ زۆربـــەی جارەکـــان لـــەوێ ڕێـــژینی بینیبێت. گەرچی لەگەڵ یەکدا قسەیان نەدەکرد" بـەڵام هەسـتیان بـە ئامـادەبوونی یـەکتر دەکـرد. وێڕای ئەوەی کەزۆر ئـازاری ڕێـژینی دابوو (هـی خۆیشـی زیـاتر) بـەڵام دەتـوت هێشـتا عیشـقێکی نهێنییان لە بەیندا ماوە. سەرباری خودشـیکاری و ڕاستگۆیی دەروونی" بەڵام بە شێوەیەکی خراپ ئامادە بوو خۆی فریوبدات.

نەیدەتوانی لەوە نائومێد بێت کە ڕۆژێك دێ بـە جـۆرێ لـە جـۆران دووبـارە لەگـەڵ ڕێژینـدا پەیوەندی دەبەستێتەوە، پەیوەندییـەکی ڕوحـی. هەرچـــەندە دەیزانـــی کـــە ئەمـــە ئەســـتەمە. شیکردنەوەی ئەم پەیوەندییە بووە هۆی بەردەوام مەشـــغوڵکردنی زەینـــی کیرکـــەگۆر و زیـــاتر وردبوونـەوەی لـە خـودی خـۆی. ئـەو شـتەی کـە ڕۆژێك لە ڕۆژان بووبوو بە مایەی ڕیسوایی ئەو بە هـۆی نوقسـانیی شەخسـیەوە، وای لێکـرد بـە قووڵی پەی بە ڕەهەنـدە جیاوازەکانی نوقسـانیی سروشـتیی مرۆیـی بـەرێت. خودگـەرایی خـۆی

شتێکی مەحاڵ بوو" بەڵام دەبووایە ژیانی بە بەردا بکرایە.

لەم بارودۆخەدا لەسەر نووسین بەردەوام بوو. لە ساڵانی ١٨٤٤ تا ١٨٤٦ پێنج شەش کتێبی بە ناوی خوازراوەوە بڵاوکردەوە. ناوی وەکو یۆهانز کلیماکۆس ("ژان"ی بەرزەفڕ)، ڤیرژیلیۆس هوفنینسیس (چاودێری گردی پاشماوە)، هیلاریۆس بوم بایندەر (بەرگتێگری خۆشحاڵ) و فراتر تاسی ترنۆس (برای کەمدوو). ئێستا، هەروەکو خۆیشی بەو ئومێدە بوو" تێگەیشتووەکانی کۆپنهاگن خەریکبوون وردە وردە دەرکیان بە ناسنامەی ڕاستەقینەی ئەم بەرزەفڕە خۆشحاڵ و کەمدووەی گردی پاشماوەکان دەکرد.

بیروڕاکانی کیرکەگۆر بە خێراییەك کە لە خێرایی بەرهەمی قەڵەمەکەی دەکرد" گەشەی دەسەند. شیکردنەوەکانی ئەو بۆ "بوون" بوو بە تەوەری سەرەکیی ڕێبازی بوونگەرایی" کە دواتر لە مەیدانی فەلسەفەدا سەری هەڵدا. بە تێڕوانینی کیرکەگۆر "بوون" لە ژمارەیەکی ئاڵۆز دەچوو.

پاش شیکردنەوە و وەلاخستنی هەموو شتەکان" ئەوەی دەمایەوە هەر بوون بوو. بە تەنها بوون "بوون". کیرکەگۆر لە ڕووی گاڵتەوە بوونی بە بۆقێک دەشوبهاند کە دوای خواردنەوەی شەربەتێك لە بنی پەرداخەکەدا دەردەکەوت.

بەلاّم وەختێ ئێمە لە بوونی خۆمان دەکۆڵینەوە" دەبینین شتێکە زیاتر لە "بوو". دەبێ ژیان بە بەری "وجود"دا بکرێ، دەبێ لە ڕێی "بیرکردنەوەی خود"ەوە بکرێ بە کردەوە. ئەمە توخمی سەرەکیی خودگەرایی ئێمەیە و هەر ئەمەشە کە بەرەو حەقیقەتی خودمان دەبات. لێرەدایە کە دەتوانین لەو مەبەستەی کیرکەگۆر تێبگەین کە دەڵێت "خودگەرایی حەقیقەتە".

بە بۆچوونی کیرکەگۆر دوو جۆر حەقیقەت شك ئەبەین:

حەقیقەتی بابەتی، وەکو حەقیقەتە مێژوویی و حەقیقەتە زانستیەکان کە بە جیهانی دەرەوە پەیوەستن. دەکرێ ئەمانە بە پێوەرە دەرەکیەکان بسەلمێنرێن، بە واتایەکی دی" حەقیقەتی بابەتی وابەستەیە بە "ئەو شتەی کە گوتراوە"، لە کاتێکا

کە حەقیقەتی خودی وابەستەیە بەوەوەی کە "چۆن گوتراوە".

بە پێچەوانەی حەقیقەتی بابەتیەوە" بۆ هەڵسەنگاندنی حەقیقەتی خودی هیچ پێوەرێك لە دەرەوەی هۆشدا نییە. کیرکەگۆر لێرەدا نموونەی دوو کەس دەهێنێتەوە لە کاتی نزاکردندا. یەکەمیان نزا بۆ "خواوەندی ڕاستەقینە" دەکات (کە لە ڕوانگەی کیرکەگۆرەوە خوای مەسیحیەتە)، بەڵام لە نزاکردنەکەیدا ڕاستگۆ نییە، کەسی دووەم موشریکێکە کە نزا بۆ بتە سەرەتاییەکەی خۆی دەکات" بەڵام بە ڕاستگۆییەوە دڵی لای حەقیقەتی هەتاهەتاییە، بە بۆچوونی کیرکەگۆر نزاکردنی ئەم کەسەی دووەم زیاتر حەقیقەتی خودیی تێدایە. چەمکی حەقیقەتی خودی لای کیرکەگۆر لە چەمکی ڕاستگۆییەوە نزیکە و ئیلتیزامێکی دەروونیی ئاوێتە بە شەوق و تامەزرۆیی لەخۆ دەگرێت.

حەقیقەتە خودییەکان لەو ڕووەوە بایەخیان زیاترە کە بە ئەسڵی "بوون"ی ئێمەوە پەیوەستن. هەروەکو بینیمان بە هیچ پێوەرێکی دەرەکیەوە

وابەستە نین و ئەو "شتە ئاڵۆزە"ن کە وەختێ تەواوی حەقیقەتە بابەتیەکان گوزەر دەکەن“ ئەم دەمێنێتەوە. کەواتە حەقیقەتی خودی بە بونیادی بەهاکانی ئێمەوە وابەستەیە –نەك ئەوەش کە تا چەند لەگەڵ ئەو بەهایانەدا ڕاست دێتەوە یا نایەتەوە“ بەڵکو تا چەند لەگەڵ سروشتی ئیلتیزامی ئێمەدا بەو بەهایانەوە یەك دێتەوە.

لەم ڕوانگەیەوە هیچ ئاکارێك لە ڕاستیەکانی بابەتەوە سەرچاوە ناگرێت. ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە لێرەدا کیرکەگۆر لەگەڵ فەیلەسووفی بە گومان و بێباوەڕی سکۆتلەندی "داڤید هیوم"دا یەکدەگرێتەوە کە لە سەدەی هەژدەیەمدا دەژیا. هیوم بڕوای وابوو کە تاقە ڕێی بەدەستهێنانی زانست تاقیکردنەوەیە و هەر لەم ڕێگایەشەوەیە کە ئەو شتانە بەدەست دەهێنین کە ناویان دەنێین ڕاستیەکان. بەڵام هیچ جۆرە ئاکارێك لەم ڕاستیانەوە بەدەست نایەت. بۆ نموونە ناتوانین لەو ڕاستیەوەی کە لە سایەی دوورکەوتنەوە لە ئەلکهولەوە ئەقڵمان سەلامەت دەبێت“ بگەینە ئەو حوکمەی کە ئیدی پێویستە واز لە ئەلکهول

بهێنین. هەم کیرکەگۆر و هەم هیوم ڕێك بوون لەسەر ئەوەی کە ناتوانین لە "وایە"وە بگەینە "دەبێ". (هەوڵدان لە پێناوی گونجاندنی ئاکار لە فەلسەفەدا بە "بە هەڵەداچوونی ناتورالیستی" ناسراوە).

باوەڕهێنانی کیرکەگۆر بە بالاتربوونی حەقیقەتی خود بووە هۆی ئەوەی کە گومان لە بۆچوونی هیوم سەبارەت بە "ڕاستیەکان" بکات. کیرکەگۆر بە باشی لەوە گەیشتبوو کە تەنانەت ئەوەی پێی دەڵێن "ڕاستیەکان" لە هەڵوێستی (خودیی) خۆمانەوە سەرچاوە دەگرن.

بە پێودانگێك کە جێی بایەخپێدانە" ئەوە بەهاکانی ئێمەیە کە "ڕاستیەکان" دیاریدەکات. بۆ نموونە لە ڕووبەڕووبوونەوەدا بەرامبەر بە هەڵوێستێك" کەسێکی دیندار و کەسێکی بێ دین ڕاستیی جیاوازی تیادەبیننەوە. لەم ڕووەوە هەر کەسە و بە پێوەری خۆی جیهانی خۆی دەخولقێنێت و بە گوێرەی ئەو بەهایانەی کە پەیڕەوییان لێدەکات جیهانی خۆی دروست دەکات.

دەتــوانین لــەم تێڕوانینــەی کیرکــەگۆردا سەرچـاوەکانی ڕێژەگـەرایی (نسـبیەت)ی ئـەمڕۆ ببینینــەوە کــە نکــووڵی لــە هــەموو جــۆرە حەقیقەتێکی بابـەتی دەکـات. تەنانـەت کیرکـەگۆر بانگەشــــەدەری ســــەرهەڵدانی دیاردەناســــی (فینۆمینۆلۆژیا)ی سـەدەی بیستەمیشـە" وەختـێ تەواوی شێوەکانی خودئاگایی (یان هوشیاری بە خود) بە "بایەخپێـدەر" دەزانێت و دەشـڵێت کـە هەمیشە هوشیاری مەبەستدارە. ئێمە جیهان بـەو جــۆرە دەبیــنین کــە مەبەســتمانە. هــەروەکو ڤیتگنشـتاین دەڵێـت کەسـی بەختـەوەر و کەسـی بەدبـەخت لـە دوو جیهـانی جیـاوازدا دەژیـن. ئـەم بۆچــوونە بــە ڕواڵــەت بەڵگەنەویســتە" وەختــێ زانیمان کە ئەو سـەبارەت بـە بـەکارهێنانی ئیرادە دەدوێت" زیـاتر لامـان قـووڵ دەبێتـەوە. هـەروەکو کیرکـەگۆریش وتویـەتی هەرکەسـێك دونیـا وەهـا دەبینێـت کـە ویسـتوویەتی ببینێـت. ئەمـەش پەیوەنـدیی بـەو بەهایانـەوە هەیـە کـە ئـەو کەسـە پێشـــتر هەڵیبـــژاردوون و لەگەڵیانـــدا دەژی و خۆیشـی لـە ڕێـی ئـەو بەهایانـەوە دروسـت بـووە.

بەمجۆرە کیرکەگۆر دەگەیشتە ئەو ئەنجامەی کە ئەو بەهایانەی تاکە کەس دروست دەکەن“ جیهانیش دروست دەکەن.

دەشێ تێڕوانینێکی فینۆمینۆلۆژییانەی وەها لە ڕوانگەی زانایەکەوە کە باوەڕی بە زانستە تێڕوانینێکی ڕاست بێت، زانایەك کە جیهانەکەی بۆ نموونە لە جیهانی مێژوونووسێك جیاوازە کە باوەڕی بە مێژوو هەیە، بەڵام دەبێ ئەنجامە خراپەکانی ئەم تێڕوانینەشمان لەبەرچاو بێت. مەترسیی سەرەکیی باوەڕی خودییش لەم تێڕوانینەوە سەرچاوە دەگرێ. واتە ئەوەی کە بە تەنها من هەم و ئەم جیهانەش لەبەر من هەیە. یان هەروەکو چۆن کیرکەگۆریش دەیوت من بە تەنیاییەوە بەرپرسی جیهانی خۆمم. فەیلەسووفی بوونگەرا ژان پۆڵ سارتەر لە سەدەی بیستەمدا“ ئەم تێڕوانینەی گەیاندە دوا سنوورە مەنتیقیەکانی. کاتێ لە ساڵی ١٩٤٠دا کە لە سوپای فەرەنسادا خزمەتی دەکرد“ گەیشتە ئەو باوەڕەی کە دەبێ ئەوەی قبووڵ بێت کە بە تەنیا لەو جەنگە جیهانییە بەرپرسیارە. ئەم جۆرە

خودگەراییە پەتییە دەشێ مۆرکێکی ئەخلاقی بەخۆوە بگرێت" بەلام زەحمەتە ببێت بە جیهانبینییەکی سوودمەند.

هەر ئەم مۆرکە ئەخلاقیەش بوو کە کیرکەگۆر بە دوایدا دەگەڕا. ئامانجی ئەو ئەوە بوو کە لە جیددیترین و چڕترین شێوەیدا گوتەزای بوون بخاتەڕوو. تەنها بەمجۆرە دەتوانین بوون وەکو خۆی ببینین و بزانین بوون بۆچی هەیە و دەکرێ ببێت بە چی. "بوون" خەتەربازییەکی گەورەیە. ئێمە هەرگیز ناتوانین لەوە دڵنیابین کە ئەو شێوازەی بۆ ژیانمان هەڵمانبژاردووە شێوازێکی ڕاستە. بە بۆچوونی کیرکەگۆر هەرکەسێك بە تەواوی ئەمە تێبگات بایەخێکی بەردەوامی پێ بدات و بە ناچاری دووچاری دڕدۆنگی دەبێت. ئەم حەقیقەتە خودییانە کە ناتوانین هیچ بەڵگەیەکی بابەتیانەیان بۆ بهێنینەوە، لەسەر کۆڵەکەی هیچ بەندن. بەمجۆرە پەی بە هیچبوونی وجود و ئەو نایەقینەش دەبەین کە لە ناوجەرگەیدایە. ژیان لە بنەڕەتدا مەسەلەیەکی

مەزەنـەیی (حدسـی) و ئـەزموونی و جیوەئاسـایە (واتە ناگیرێ-و-).

تەنانــەت هوشــیاری خۆیشــی مەســەلەیەکی ناودژ (متناقض)ە کە لەسەر بەریەککەوتنی کردە و توانســت (ئیمکــان) و خــاڵی بەریەککــەوتنی ئەوەی هەیە و ئـەوەی نییە وەستاوە. (هـەروەکو کیرکـەگۆریش گوتویـەتی: "ژیـان بـە ئاراسـتەی دواوە دەرك دەکرێ، بەڵام بە ئاراسـتەی پێشـەوە ئەنجام دەدرێ"). بەمجۆرە هوشیاری خوڵقێنەری ناودژێتییـــەکی دەروونییـــە و مەســـەلەیەکی دوولایەنەیە. هوشیاری بە خود خۆی جۆرێکە لە گومــان. ئــەم ڕوانینــە تەنانــەت لــە ئاقارەکــەی دیکـارتیش زیـاتر دەڕوات کـە گومـانی لـە هـەموو شـتێك دەکـرد. لەبەرئـەوەی دیکـارت سـەرەنجام گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە هـیچ گومـانێکی لـەوە نییە کە بیردەکاتەوە. لە کاتێکا کیرکەگۆر ئـەوەی پیشــان دا کــە هوشــیاری یــان بیرکردنــەوەی هوشیارانە نەك هەر شتێکی گومان لێنەکراو نییە" بـەڵکو خـۆی شـێوەیەکە لـە گومـان، چـونکە لـە

هوشیاریدایە کە ئێمە گومان لە خودی "وجود" دەکەین.

بەڵام ئایا لە ڕاستیدا ئەمە دەورێکی یەك بە دوایەکدا گرێدراو نییە؟ بەمجۆرە تێڕوانینە ئێمە دەکەوینە ناو ناسەقامگیرییەکەوە کە ئەو چەمکانەی لە بەردەمیشماندا دەبن بێهێز دێنە بەرچاو و جێی متمانە نابن. گریمان هوشیاری بە خودیش جێی گومانە، ئایا دەتوانین تەسەوری ئەوە بکەین شتێك کە لە بنەڕەتدا بوونی نییە توانای ئەنجامدانی شتی هەیە؟ بۆ نموونە گومان بکات؟ ئەوانەی بەرگری لە کیرکەگۆر دەکەن دەڵێن کە ئەو ناڵێت هوشیاری بە خود بوونی نییە“ بەڵکو بە تەنها گومان لە بوونی دەکات. ئەمە خاڵێکی زۆر زیندووە. بە واتایەکی دی ئەو دەڵێت کە "دەتوانین گومانمان سەبارەت بە هوشیاری بە خود هەبێت". بۆ جارێکی دی کیرکەگۆر بە گەیشتنی بەو گوماندارێتییەی هیوم بۆی دەرکەوت کە دەتوانێت گومان لە بەردەوامیی هوشیاری بکات. ئێمە ئەم بەردەوامبوونی هوشیارییە لە چرکەساتێکەوە بۆ چرکەساتێکی

دیکــە تــاقی ناکەینــەوە. ئــەوەی ئێمــە تــاقیی دەکەینەوە چ نییە جگە لە چرکەساتی هەنووکە. بــەمجۆرە هوشــیاری بــە تــەواوی دەبێتــە جێــی گومان. هەر ئەوەندەش کە سەرنجی ئەم خاڵەمان دا“ ئیدی "بوون" لە جاران خەتەرناکتر دەبێت.

کاتێکیش بۆمان دەردەکەوێ کە دەشێ لەهەر ساتێکدا بمرین، ئـەم مانایـەمان زیـاتر لا ئاشـکرا دەبێت. (ئێمە لە ڕێی ئەزمووونی "مردنـی ئـەوانی دی" و هــەروەها لــە ڕێــی زانیــاریی خۆمانــەوە ســـەبارەت بـــە بەردەوامنـــەبوونی هوشـــیاری“ حەقیقـەتی مـەرگمان بـۆ دەردەکـەوێ). هاوکـات دەبێ تەواو لەو ئازادییە تەواوەتییە بەئاگا بین کە لە هەر ساتێکدا هەمانە“ واتە ئەوەی کە دەتوانین چیمان بوێـت هەڵیبـژێرین، دەتـوانین بـە تـەواوی ژیانمــان بگــۆڕین. ئێمــە لــە هــەموو ســاتێکدا ڕووبەڕووی ئـەم ئازادییـە تەواوەتییـە دەبینـەوە. ئەمـــە دۆخـــی ڕاســـتەقینەی بەردەممانـــە. لـــە ئەنجامیشدا ئەگەر ئێمە تەواو لەم دۆخە بە ئاگا بین دوچاری "ترس" دەبین.

کیرکەگۆر کتێبێکی تەواوی سەبارەت بە "چەمکی ترس" نووسیی. ئەم گوتەزایە کە وشە ئەسڵیە ئەڵمانییەکەی "Angst"ە بە نیگەرانی و دڵەڕاوکێش تەرجەمە کراوە.

کتێبی "چەمکی ترس" یەکێکە لە قووڵترین کتێبە سایکۆلۆژییەکانی بەر لە فرۆید. لەم کتێبەدا کیرکەگۆر دوو جۆر ترسمان بۆ شی دەکاتەوە. جۆری یەکەمیان ترسێکە کە لە ئەنجامی ڕووبەڕووبوونەوەمانەوە لەگەڵ دۆخێکی ترسناکی جیهانی دەرەوەدا دروست دەبێت، بەڵام جۆری دووەم ترسێکە کە لە ئەزموونێکی ناوەوە سەرهەڵدەدات. کاتێ کە ڕووبەڕووی توانا بێسنوورەکانی ئازادیمان دەبینەوە و پەی بە گەورەیی و فراوانی و نائەقڵانیبوونی دەبەین. (هەروەکو کیرکەگۆریش ڕوونی دەکاتەوە سەلماندنی ئەو مانایەکی کە ئێمە لە ئازادی بەهرەمەندین نەشیاوە" لەبەرئەوەی بۆ سەلماندنی ئەمە پێویست بە زەرورەتی لۆجیکی دەکات کە دژ بە ئازادییە).

ئـازادی هـیچ پەیوەندییـەکی بـە فەلسـەفەوە نییە. بابەتێکی سایکۆلۆژییە و وابەستەیە بە دۆخ و حاڵەتی هوشیاریمانەوە. حاڵەتی هوشـیاریمان پاسـاودەری ئازادیمانـە (نـەك ئەنجامگیرییـە مەنتیقیە- فەلسەفییەکان). ئێمە بە تـەنها کاتێك لە ڕەهەندە تەواوەتیەکانی ئازادیمان دەگەین" کە ئەو حاڵەتە هوشیارییە تایبەتیەی کە پێی دەڵێن "ترس" تاقی بکەینەوە. لـەم ڕوانگەیەشـەوە هـەر تاکـە کەسـێك نـەك "بـوون" (وجـود)ێـك" بـەڵکو "هـەبوون" (صیرورة)ێکـی بەردەوامـە کـە بـوونی هەیـە. ئـەو ترسـەی لەمـەوە سەرچـاوە دەگـرێ شتێکی سروشتییە، بەڵام تێگەیشتنی تەواوی بە شـێتی دەشـکێتەوە. بـە بۆچـوونی کیرکـەگۆر تاقـەڕێی خۆپاراسـتن لـەم شـێتێتیی ترسـە" بزاوتێکـی نائەقڵانییـە بـەرەو ئیمـان. بـەمجۆرە تاکەکەس بە هۆی پەیوەستبوونی دەروونییانەی خودییـەوە بـە خـواوە" لـە شێتی و پەرتـەوازەیی دەروونی ڕزگاری دەبێت.

بەڵام پرسیارەکە لەوەدایە کە ئایا هەر تەنها بە ئاگابوونی پەتی لە ئازادی بۆ بزواندنی هەستێکی

بەهێزی ترسی لەمجۆرە بەسە؟ هەروەها ئایا بە تەنها ئەمە هونەرێکە تایبەت بە بلیمەتانێکی وەکو کیرکەگۆر و کافکا کە لە حاڵەتی ترسی سەرچاوەگرتوو لە هوشیارییەوە دەتوانن سوود لە توانا فراوانەکانی بوونیان وەربگرن؟ دەشێ وابێت. بەڵام ئێمەش کە خەڵکی مامناوەندین، زۆربەشمان ساغ و ئاساییین" دەتوانین هەست بەم ترسە بکەین. کاتێك بەسەر توولەڕێیەکی سەر هەڵدێرێکدا دەپەڕینەوە" هەست بە ترسی کەوتن و گێژبوون دەکەین. بەشێکی ئەم ترسە لەم دۆخەدا لە ئەنگێزەیەکی سەیرەوە سەرچاوە دەگرێ کە لە هەمان کاتدا کە بەلای ئەو قەراغی هەڵدێرەدا دەمانبات" ئێمە دوور دەخاتەوە لێی. بە بۆچوونی کیرکەگۆر ئەو ترس و نیگەرانییەی سەرەوە لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە ئێمە دەزانین کە دەتوانین بە ئاسانی خۆمان فڕێ بدەینە خوارەوە و هەر ئەم ئازادی و هەڵبژاردنەشە دەبێتە هۆی دروستکردنی ئەو ترس و نیگەرانییە لامان. ئێمەش ئەو ترسە تاقی دەکەینەوە. ئەم

شـــێتی و ترســـە لـــەژێر حاڵـــەتێکی ئاســـایی سروشتیدا خۆی حەشار داوە.

لە ساڵی ١٨٤٤دا کیرکـەگۆر کتێبـی "چـەمکی ترس" و هەروەها کتێبێکی تـری چڕ و پوختـەی بە ناوی "بڕگە فەلسەفیەکان"وە تەواو کـرد. ئـەم کتێبـە کورتکراوەیـەی دواییـان لـە کۆتاییەکەیـدا پاشبەندێکی زۆر گەورە و فراوانی لەخۆ گرت کە شەش سەد لاپەڕە بوو و بەناونیشانێکی درێژەوە کـە ئەمـە بـوو "پاشـبەندێکی نازانسـتیی بڕگـە فەلسـەفیەکان- کۆکردنەوەیـەکی تەقلیدییانـە- بـەزەیی بزوێنانـە- دیالەکتیکیانـەی کـارێکی بوونگەرایانـە" نووسـینی یۆهـانز کالیمـاکۆس، بڵاوکەرەوە س. کیرکەگۆر. ئەمە یەکەم جار بوو وشـەی بوونگـەرایی لـە شـێوە دانیمارکیەکەیـدا بـــەکاربهێنرێ، کـــە بـــە مانـــای "دۆخـــی بوونگەرایانە"یـان "پەیوەنـدیی بوونگەرایانـەش دێ. بەمجۆرە کیرکەگۆر کە لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابردوودا پتر لە نیو ملیۆن وشەی نووسیبوو، هەستی دەکرد شتێکی بۆ گوتن پێ نەماوە. لەم ڕووەوە بوو کە بە گوێرەی فەلسەفەکەشی ویستی

لــه ڕێــی هەڵبــژاردنێکی ســـەرەکیانەوە خــۆی بخولقێنێـــت. هەڵبژاردنەکـــەی ئـــەو شـــتێکی نائاسایی بوو. تا ئەوکاتە لە گۆڤارێکدا بە ناوی Corsairەوە کۆمــەڵێك ڕای بــاش لەســـەر چـــەند بەشێکی ئەو کتێبانەی نووسرابوو کە بە ناوی خــوازراوەوە بـڵاوی کردبوونــەوە. ئــەم گۆڤــارە تەنزئامێزەی کۆپنهاگن بەوە ناوبانگی دەرکردبوو کـە هێرشـــی تونـد و ناشـــرینی دەکـــردە ســـەر کەسێتییە ناسراوەکان. کیرکەگۆر بڕیاری دا لـە ڕێی ناردنی نامەیەکی پڕ تانە و تەشەرەوە بۆ ئەم گۆڤارە" هانی بدات تا هێرش بکاتە سەر خۆی (ئەگـەر لـە گۆڤارەکـەی ئێـوەدا وەسـفی کەسـێك بکـرێ، ئـەوە وەکـو سـووکایەتیکردنێکە بـۆ ئـەو کەســـــە) و نـــــاوی هەنـــــدێ لـــــە نووســـــەرە بێناوونیشـــانەکانی گۆڤارەکـــەی ئاشـــکرا کـــرد (سەرەنجام یەکێك لەو نووسەرانە توانای بوون بە مامۆستا لەدەست دا).

ئەنجامەکـە تـەواو پێشـبینیکراو بـوو. چـەند مانگێك لەسەر یەك ئەم گۆڤارە کەوتە هێرشکردنە سـەر کیرکـەگۆر. کاریکاتێریـان لەسـەر دەکـرد،

گاڵتـــەیان بــە ســـەر و ســـیما و بیروباوەڕەکـــانی دەکرد. پێشتر کیرکەگۆر لەناو خەڵکی کۆپنهاگندا وەکـو کەسـێکی نـامۆ و نووسـەرێکی بـەتوانا و ڕۆشنبیرێك ناسرابوو کە ڕووی کردبووە ئایین و، دواجاریش وەکو کەسێك کە دوای تێکشکانی لـە ماجەرایـــەکی عاشـــقانەدا گۆشـــەگیر بووبـــوو" سەرنجی کەسی ڕانەدەکێشا" بە تەنها خەڵکانێکی کـەمی لاپرەســەنی سەرشــەقامەکانی کۆپنهــاگن نـەبێت. بـەڵام دوای ئـەو شـتانەی لەگۆڤارەکـەدا لەســەری بڵاوکرانــەوە هــەموو شــتێك گــۆڕا. لــە ئــەنجامی ئـــەو وتـــار و کاریکـــاتێرە یـــەك لـــە دوایەکانەی لەو گۆڤارەدا لەسـەری بڵاوکرانـەوە، کیرکــەگۆر بــوو بــە پیرەمێردێکــی لاوی لاوازی مردەڵـەی چیلکەئاسا کـە وەکـو قرژاڵ بە ڕێگـادا دەڕۆیشت و دەرلنگی پانتۆڵەکانی کورت یا درێژ بـوون، چـەترێکی زل و قەبـەی لەگـەڵ خۆیـدا هەڵدەگرت.. و بووە مایەی گاڵتەپێکردنی تەواوی خـەڵك، لـە شـەقامەکانی کۆپنهاگنـدا هەرچـی و پەرچــیەکانی شــار دوای دەکــەوتن و لاســایی ڕۆیشتنەکەیان دەکردەوە. تەنانەت خاوەن کۆگا

گەورەکانی شار و کەسێتییە ناسراوەکانیش بە ئاشکرا پێی پێدەکەنین.

کیرکەگۆر کەسێتییەکی زۆر هەستیار بوو و هەر بۆیە دەزانین ئەو ئازارەی لەم ڕەفتارەوە دووچاری بووە تا چ ڕادەیەك سەخت بووە. بەڵام پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە کە خۆی بووە هۆی ئەو ئازارە بۆ خۆی. لە کاتێکیشا زۆر چاك دەیزانی چی دەکات" بۆچی دەستی دایە ئەم کارە؟ کاتێ دەزانین ئەو خاوەنی کەسێتییەکی ئاڵۆز بووە، وەڵامی ئەم پرسیارەمان لا ئاسان نابێت" بەڵام بێ هیچ گومانێك ئەو ختوورەی بوون بە قوربانی و شەهیدەی کە هەر لە کاتی قوتابێتییەوە لە قوتابخانەی سەرەتایی لەگەڵیدا بوو" لەم مەسەلەیەشدا ڕۆڵی هەبووە. دیسانەوە گومان لەوەدا نییە کە بایەخ نەدانی خەڵك بە کارەکانیشی هۆیەك بووە لە پشتی ئەم مەسەلەیەوە. چونکە ئەوکات تەمەنی گەیشتبوو بە سی و سێ ساڵی و وەکو نووسەر و بیرمەند نەناسرابوو. کەواتە مادامەکی ئەو ناتوانێ

بەناوبانگ بێت، لانی کەم خۆ دەتوانێت ناو زڕاو بێت.

هەڵبەتە لە پشت ئەم ڕوخسارە خودخوازییانەوە، کیرکەگۆر مەبەستێکی ڕاستگۆیانە و جیدییانەشی هەبوو. ئەو دەیویست لە ڕێی سووکایەتی پێکردنیەوە ببێت بە ئادەمیزادێکی باشتر. دەیویست لە ڕێی ئازارچەشتنیەوە لەسەر دەستی خەڵك ببێتە مەسیحیەکی باشتر. دەیویست ژیانێکی ڕوحیی هەبێت" کە لە ڕوانگەی ئەوەوە تاقە جۆری بەهاداری ژیان بوو و ئەو شێوازەشی لە پێناوی ئەوەدا بوو زیاتر بەرەو ئەو ئاقارە بچێت، دواجار هۆیەکی تریش لە پشت هەموو ئەم هۆیانەوە هەیە. هەروەکو پاسکال دەڵێت کە تاقە بیرمەندی ئایینیی هاوچەرخی چەشنی کیرکەگۆرە: "دڵ بۆ خۆی کۆمەڵێك هۆی هەیە کە ئەقڵ سەریان لێ دەرناکات" و ئەو هۆیەی دڵی کیرکەگۆریش ڕێژین بوو، دەیویست سەرنجی ئەو بەلای خۆیدا ڕابکێشێت، پیشانی بدات کە تا چ ڕادەیەك ئازار دەچێژێت.

بەڵام ئەگەر ئەو مەبەستی ئەوە بووبێت کە ڕێژین بخاتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە" ئەوا بە ئاشکرا لەوەدا شکستی هێنا. هەر لەو ڕۆژانەدا ڕێژین لە لایەن کەسێکی ترەوە خوازبێنی کرا و بۆ ساڵی دواتر شووی پێکرد. هەرچەندە کیرکەگۆر هیچ کاردانەوەیەکی پیشان نەدا" بەڵام زۆر بە سەختی ئازاری چەشت. ئەوەی پیشانی دا پیرییەکی ناوەخت بوو کە ئێخەی پێگرت. ساڵانێکی سەختی ئازار و خەڵوەتکێشی و تەنیایی و هەوڵ و تەقەللای بێوچانی هۆشێک" وا خەریک بوون جەزایان لێ دەسەندەوە. سەرەڕای دانایی و زیرەکیی قووڵتری ئەو سەبارەت بە دۆخی مرۆیی، بەڵام هێشتا هەر ئاوێزانی خەونە ئەستەمەکەی خۆی بوو، واتە ئەو خەونەی کە هەر ڕۆژێک دێ بە ڕێژین بگات (هێشتا ڕۆژانی یەکشەممە لە کڵێسادا یەکتریان دەبینی).

لە نیسانی ساڵی ١٨٤٨دا کیرکەگۆر بە ئەزموونێکی ئایینیدا تێدەپەڕێت. لە یادەوەرییەکانیدا نووسیی: "تەواوی سروشتی من گۆڕا.." گەیشتە ئەو باوەڕەی کە بە تەنها

خۆشەویسـتیی خوایـە کـە دەتوانـێ ئـەو لـەو بیرکردنەوە توندڕەوانەیەی لە خودی خۆی ڕزگار بکات. لەوکاتە بەدواوە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و بەبێ خۆشاردنەوە لە پشت ناوی خـوازراوەوە“ لـە ڕێـی قسـەکانی خـوداوە وەعـزی دا ئـەدا. ئـەو پێـنج شـەش کتێبـەی کـە لـە سـێ سـاڵی دواتـردا بڵاوی کردنەوە“ بۆ ئەم بابەتە تەرخان بوون.

تێگەیشـتن و بۆچـوونی کیرکـەگۆر بـۆ ئـایین ناهاوسەنگ بوو و بە تەنها لەگەڵ حاڵی قدیسان و خەڵوەتکێشـــە ســـوێندخواردووەکاندا وێـــك دەهاتـــەوە. بـــە بۆچـــوونی کیرکـــەگۆر: "تـــەواوی بوونی مرۆیی بەرامبەر خودا وەستاوە". بیرۆکەی کەوتنەخوارەوە- یان دابەزین (بە واتای دابەزینی ئـادەم لـە بەهەشـتەوە بـۆ سـەر زەوی- و-) - بێبەشبوونی ئادەمیزاد لە چاودێریی خودایی لـە بەهەشتدا- تەوەری هزری ئایینیی کیرکـەگۆر (و سەرچـاوەی دەروونناسـییە تایبەتیەکـەی ئـەو) پێکدەهێنێت.

بە بۆچـوونی ئـەو خۆپەرسـتی کـە دیـارترین دەربـڕی بریتییـە لـە غـەریزەی سێکسـی“ بووەتـە

مایەی دابەزینی ئەو لە بەهەشت. هەروەکو عادەتیشە لێرەشدا کاسەکە بەسەر سەری ژندا شکاوەتەوە. ئەو نووسیی: "ژن هەمان ڕۆحی بەرجەستە بووە.. تەواوی مەسەلەی ژن و پیاو پیلان و فێڵێکە کە بە وردی داڕێژراوە بۆ لەناوبردنی پیاو بەو سیفەتەی ڕۆح و مانەوییەتە". تاقە وەڵامیش بۆ ئەم دۆخە، دوورەپەرێزییە لە ژن و دوورکەوتنەوەیە لە هاوسەرێتی بە پێودانگێکی جیهانی. لە ڕوانگەی ئەوەوە خواستی خودا تەنها لە ڕێی نەمانی وەچەی مرۆڤییەوە دێتە دی.

ئەوەی سەرنجڕاکێشە ئەوەیە کە لە پاڵ ئەم تووڕەهاتە پێکەنینهێنەدا، کیرکەگۆر بیروبۆچوونی بەهادار دەخاتەڕوو. بۆ جارێکی دی سەرگەرمی هیگڵ دەبێتەوە و لە شێوەی ڕەخنەیەکی وێرانکەردا دەیەوێت ڕووە لە خشتەبەرەکەی ڕێبازی هیگڵ و بێتواناییە سۆزبزوێنەکەی سەبارەت بە ڕوونکردنەوەی "بوون" پیشان بدات. کیرکەگۆر جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە ئێمە ناتوانین بە شێوەیەکی ئەقڵی و فیکری و لە ڕێی

دروستکردنی سیستمە قەبە و گەورە فەلسەفییەکانەوە لە "بوون" بگەین.

هەر ئەوەندە کەسێك لە ڕێی بیرکردنەوەیەکی ئەقڵانیانەوە "بوون" بناسێنێت، ئیدی شوێنێك بۆ ئیمان نامێنێتەوە.

لە کتێبی "نەخۆشی تامردن"دا کیرکەگۆر "نائومێدی" شی دەکاتەوە و بە بێتوانایی لە قەڵەم دەدات لەوەدا کە "بمانەوێ ئەو خودە بین کە بە ڕاستی هەین"، کە ئەمەش دۆخێکی خەتەرناکە. ئەو حوکمەی کیرکەگۆر لەگەڵ ئەو قسەیەی پێشوویدا یەکناگرێتەوە کە دەڵێت "خود" بوون نییە بەڵکو هەبوونە "صیرورة"، لەبەر ئەوەی لەم حاڵەتەدا ئەو "خودەی.. کە بە ڕاستی هەین" لە ئارادا نییە. بۆ هەڵاتن لەم ڕەخنەیە کیرکەگۆر بە "خودێك کە لە ناوماندا شاراوەیە" (یان خودێك کە بە شێوەیەکی کردەیی تیاماندایە —و—) وەڵام دەداتەوە. بەڵام ئایا بەلای هەرکەسێکەوە شتێك نییە پێی بوترێ "خودی ڕاستەقینە" یان "خودی کردەیی– یان خودی بەزەبر (بالقوة)–"؟

جیاوازییەکی زۆر لەوەدا هەیە کە بڵێین هەر کەسێك خاوەنی کۆمەڵێك توانای جۆراوجۆرە کە دەشێ دژ بە یەك یان نەفیکەرەوەی یەکتر بن و لەگەڵ ئەوەدا کە بڵێین هەرکەسێك "خودێکی بەزەبر"ی هەیە. زۆربەی ئادەمیزادەکان هەر لە سەرەتای ژیانیانەوە ڕووبەڕووی کۆمەڵێك هەڵبژاردنی جۆراوجۆر دەبنەوە، کە دەکرێ هەریەك لەوانە بە ڕەچاوکردنی "ڕاستگۆیی لەگەڵ خودی خۆیدا" –واتە وەدیهاتنی هەندێ یان هەموو تواناکانی –هەڵببژێردرێ. کەس ناتوانێت تەواوی توانا بە زەبرەکانی بهێنێتە دی. (ئەگەرچی ئەلبێرت شڤایتزەر مۆسیقازانێکی پرۆفێشناڵ بوو، بەڵام لە ئەفریقادا پزیشکێتیی بۆ ژیانی خۆی هەڵبژارد. کام لەم دووانە "خودی ڕاستەقینە"ی ئەو بوون؟). لە بنەڕەتدا لە پشت هەر بانگەشەیەکەوە بۆ گۆڕان بەرەو "خودی ڕاستەقینە"، ئەگەر پێشتر ئەو خودە دیاریکرابێت" جۆرێك لە مەبەست و نیازی پێشوەخت هەیە. تەنانەت گەر بەر لە دیاریکردنی پێشوەختی ئەم "خودە ڕاستەقینە"یە لەو

بڕوایـەدا بـین کـە دەتـوانین ئـەو خـودە کەشـف بکـەین“ دیسـانەوە هـیچ لـەو حوکمـەی سـەرەوە ناگۆڕێت. چونکە کەشفکردنیش وەك دۆزینەوەی شـتێکە کـە پێشـتر هـەبووە. پێدەچـێ باشـترین بەڵگەهێنانـەوەش بـۆ ئـەم مەسـەلەی "کەشـفی خود"ە هەر ئەوە بێت کە کیرکەگۆر پێشتر بەکاری هێنـاوە، ئـەو باسـی لـە "هەڵبـژاردن لـە پێنـاوی خوڵقانـدنی خـود"دا دەکـرد. ئەمـە هـەمان ئـەو ئازادییە ڕاستەقینە و (نیگەرانی خوڵقێن)ەیە کە کیرکەگۆر پێشتر جەختی لەسەر کردبوو.

بگەڕێینـەوە سـەر بابـەتی نائومێـدی. بـە ڕای کیرکـەگۆر نائومێـدیی هوشـیارانە وەختـێ دێتـە ئاراوە کە ئەو کەسە لە ڕێی شتێکی دەرەکییـەوە خـودی خـۆی بناسـێنێت (بـۆ نموونـە بـوونم بـە ئینشتاینێکی تر). بە ئاقارێکی وەها تاکە کەس خـۆی بەرامبـەر بـە هەڵبـژاردنی چـارەنووس دادەنێت، بە نەگەیشتن بەو ئامانجەش، خـودی بڵنـدڕۆی وەدی نایـەت و ئـەویش ناتوانـێ لـەو دۆخـەی خـۆی قایـل بێـت. لـەم ڕووەوەیـە کـە

بۆشـــاییەکی دەروونـــی و ئـــارەزووی نەســـت (لاشعور)انەی مەرگ پەیدا دەبن.

نائومێدیی هوشیارانە هەیە و لە دوو شێوەدا خۆی دەنوێنێت. شێوە نادروستەکەی کاتێکە کە تاکەکەس دەزانێ کە نائومێدە بەڵام وا دەزانێت کە کەسانی دی وانین ("کەس نازانێت من چەند ئازار دەچێژم") ئەمە ئەو بەرەو نائومێدیی زیاتر دەبات، لە کاتێکا کە لە شێوە دروستەکەی نائومێدیی هوشیارانەدا، تاکەکەس تێدەگات کە لە ڕاستیدا نائومێدی بەشێکە لە دۆخی مرۆیی و لەم ڕوانگەیەشەوە نائومێدی بەشێکە لە "خود". ئەم نائومێدییە بەندە بە خودێکی هوشیارەوە. تاقە ڕێـی دەربـازبوون لـەم نائومێدییـەش "هەڵبژاردنی خود" و بزاوتنە بەرەو پلەی ئیمان. لێرەدایە کە کیرکەگۆر دەستی خۆی دەخاتە ڕوو: تاقە "خودی ڕاستەقینە" هی کەسێکی ئیماندارە.

کیرکەگۆر تا سەرەتاکانی دەیەی چوارەمی ژیانی لەسەر نووسین بەردەوام بوو. ئیدی تەواو پیرتر لە تەمەنی خۆی دەهاتە بەرچاو و ئەو میراتییەی لە باوکیشیەوە بۆی مابووەوە ڕوو لە

تەواوبوون بوو و پێویستی بەوە بوو كار بكات. بەڵام تاقە كارێك هەبوو كە لەوە دەچوو بیتوانیایە بیكردایە، ئەویش كاری قەشەیی بوو. هەرچەندە پێدەچوو خۆی بۆ ئەو ئەگەرەش ئامادە كردبێت، بەڵام لە ناخیدا شتێك هەبوو كە ڕێی ئەوەی لێ دەگرت. نەیدەتوانی بەوە قایل بێت كە ئایینەكەی بكاتە وەسیلەیەك بۆ گوزەران. لە سەرێكی تریشەوە تێگەیشتنی ئەو بۆ مەسیحیەت لەگەڵ كڵێسای ڕەسمیی دانیماركدا زۆر جیاواز بوو.

كیركەگۆر بڕیاری دا ئەو شێواندنانەی ئایینی مەسیحی ئاشكرا بكات كە كڵێسای دانیماركی ڕایدەگەیاند. بۆ ئەو مەبەستە گۆڤارێكی بە ناوی "چركەسات"ەوە دامەزراند، گەرچی باری دارایی بەرە و كزی دەچوو. هەر خۆیشی بە تەنیا بووە هەمەكارەی گۆڤارەكە. لە یەكێك لە ژمارەكانی ئەم گۆڤارەدا هێرشی كردە سەر كڵێسا و بە "دەزگا" ناوی برد و، یەكێك لە خۆشەویسترین قەشەكانی ئەم كڵێسایەشی بە دنیاپەرست و ڕیاكار لە قەڵەم دا (لە هەمووشی خراپتر ئەوە بوو كە قەشەكە هیگلییش بوو). لە ژمارەیەكی تردا نووسیی

ئەگەر ئەوەش ساغ بێتەوە کە مەسیح بوونێکی دەرەکیی نەبووە، کڵێسا بەبێ هیچ گۆڕانکارییەك هەر لە سەر کاری پێشووی خۆی بەردەوام دەبێت و بە تەنها ژمارەیەکی زۆر کەمی قەشەکان ئامادە دەبن دەسبەرداری خۆشگوزەرانیەکانیان بن.

هەروەکو چاوەڕوان دەکرا، ئەم هێرشانە بوونە مایەی هەرا و زەنایەکی نوێ. چیدی کیرکەگۆر نەیدەتوانی ببێتە قەشە. لە زۆر ڕووەوە ڕیسواییەکەی گۆڤاری Corsair دووبارە بۆوە و دیسانەوە کیرکەگۆر کەوتەوە بەرچاوان. (هەر زوو وتارەکانی بۆ سویدی وەرگێڕران و لە سەرانسەری ئەسکەندناڤیادا دەنگی دایەوە). دەتگوت دونیا دەیەوێ هەق لە کیرکەگۆر بسێنێتەوە. ناوبانگێکی هاوشان بە ناوزڕان و تەرەکردن" تاقە ناوبانگێك بوو کە دەیتوانی قبووڵی بکات. لە سەرێکی تریشەوە دەنگدانەوەی کردەوەکەی باوکی تیا دەبینرایەوە وەختێ لەنێو شاخ و داخەکاندا قسەی بە خودا گوت.

هەر لەو کاتانەدا مێردەکەی ڕێژین کرابوو بە فەرمانڕەوای دوورگە کۆڵۆنیەکان لە دەریای

کاریبی و هەڵبەت کیرکەگۆر لەمە بە ئاگا بووە. ئیدی نازانین تا چ ڕادەیەك سەفەرە دوور و درێژ و کتوپڕەکەی ڕێژین لەم کاتەدا نەستی کیرکەگۆری بۆ زیاتر هەرا و زەنانانەوە هان داوە.

لە نیسانی ١٨٥٥ دا و سەر لە بەیانیی ئەو ڕۆژەی قەرار بوو ڕێژین و هاوسەرەکەی بچن بۆ شوێنی کاری تازە، ڕێژین وای کرد کە لەسەر یەکێك لە شەقامەکان کیرکەگۆر ببینێت. لەم ڕووبەڕووبوونەوە کورتەدا ڕێژین هەڵوەستەیەکی کرد و بە ئارامییەوە بە کیرکەگۆری وت: "خوا پشت و پەنات بێت، هیوادارم لە هەموو شتەکاندا سەرکەوتوو بیت". کیرکەگۆریش لە ڕووی ڕێزەوە کڵاوەکەی بۆ بەرزکردەوە و ئیدی هەریەکەیان بە ڕێی خۆیاندا ڕۆیشتن. پاش چواردە ساڵ لە هەڵوەشانەوەی دەزگیرانێتیەکەیان" ئەمە یەکەمجار بوو لەگەڵ یەکدا قسە بکەنەوە و بەڵام قەرار بوو کە دوا دیداریش بێت.

ئەو بێهێزییەی ڕۆژانە هەستی پێدەکرد و ئەو گرژییەی کە لەگەڵ کڵێسادا هەیبوو، سەلامەتیی کیرکەگۆریان خستبووە مەترسییەوە. حەوت

مـــانگ دوای ســـەفەرەکەی ڕێـــژین“ کیرکـــەگۆر ڕۆژێکیان لەسەر یەکێك لە شەقامەکاندا لە هۆش خـۆی چـوو و بردیـان بـۆ نەخۆشـخانە و لـەوێ خەواندیان. دوا پارە و پووڵی خۆی بۆ دوا ژمارەی "چرکەســـات" خـــەرج کـــرد. لـــەو لاوازی و نائومێدییەیدا، کە لە ورد و درشتی ڕەهەندەکانی بـە ئاگـا بـوو“ حـەزی ژیـانی لەدەسـت دا“ بـەڵام هــەرگیز ئیمــانی لەدەســت نــەدا. ئەوانــەی لــەو دواڕۆژانـەی ژیانیـدا بینیبوویـان درەوشـانەوەی چاوەکانیان بیر ماوە لەناو ڕوخسارێکی باریك و پیردا.

کیرکەگۆر لە ١١ی تشرینی دووەمی ١٨٥٥دا و مانگێـك پـاش کـەوتنی لـە خەسـتەخانە، کۆچـی دوایی کرد. وەسیەتیشی کرد ئەو شتانەی کە لە دوای جێدەمێنێت“ بیدەن بە ڕێژین.

بە پێچـەوانەوەی ئـەوەی چاوەڕێ دەکـرا، لـە ڕێـــوڕەسمی ناشـــتنی تەرمەکـــەی کیرکـــەگۆردا خـــەڵکێکی زۆر ئامـــادە بـــوون. خوێنـــدکارەکانی زانکـــۆ کێبـــەرکێیان بـــوو لەســـەر هـــەڵگرتنی تەرمەکەی. هەروەکو خۆیشی حەزی پێدەکرد لـە

ڕێوڕەسمی ناشتنەکەشیدا هەرا و زەنا پەیدا بوو. دەستەیەك لەسەر ڕیاکاریی کڵێسا و ناقابیلییان بەوەی تەرمەکەی لە گۆڕستانی کڵێسادا بنێژرێ" ناڕەزاییان پیشان دا. کەسێکی تر هەندێ وتاری ڕەخنەگرانەی ئەوی خوێندەوە و لەناو حەشاماتەکەدا دەنگ بەرز بۆوە و بوو بە هەرا..

(لەسەر کێلی گۆڕەکەی ئەم دێڕانە نووسران:

سۆرین کیرکەگۆر، لە ٥ی ئایاری ١٨١٣دا هاتە دونیاوە، لە ١١ی تشرینی دووەمی ١٨٥٥دا کۆچی دوایی کرد.

پاش تێپەڕینی زەمەنێکی کورت" سەرەنجام ڕزگارم بوو. تەواوی نەبەردەکان کۆتاییان هات. ئەوەتانێ من لەو هۆڵانەدا کە لە گڵی سوور دروستکراون لەگەڵ مەسیحەکەی خۆمدا کەوتوومەتە گفتوگۆ، گفتوگۆیەکی بێ کۆتایی..)

پاشبەند

هەر زوو کیرکەگۆر لەبیر چووەوە. تەنها لە سەرەتاکانی سەدەی بیستدا بوو کە سەرلەنوێ بایەخی پێدرایەوە. بیروڕاکانی ئەو لە ئەڵمانیادا بە فەلسەفەیەکی هاوشانی ڕێبازە نوێیە دەروونشیکارییەکەی فرۆید لە قەڵەم درا.

"هۆسێرل"ی دامەزرێنەری دیاردەناسی (فینۆمینۆلۆژیا) بیروڕاکانی کیرکەگۆری بەرەو پێش برد بەوەی کە هەوڵ (یێکی ناسەرکەوتوو)ی دا تا شیکردنەوەی فەلسەفییانەی هوشیاری لە شێوەی زانستێکی ئەقلانیدا دابڕێژرێت. وەکو لە هەر شکستێکی فەلسەفیشەوە چاوەڕوان دەکرێ، ئەم هەوڵە ناسەرکەوتووە لە ڕوانگەی فەلسەفییەوە بە پیت بوو. ئەوە بوو قوتابی و هاوکارەکەی هۆسێرل، واتە هایدیگەر کە

بیروڕاکانی کاریگەرییەکی قووڵیان کردە سەر هزری ئەوروپایی لە سەدەی بیستەمدا، بیروبۆچوونەکانی کیرکەگۆری قۆناغێك بەرەو پێش برد.

زۆربە ئەم فەلسەفە نوێیە بە ئێگزیستانسیالیزم (بوونگەرایی- وجودیەت) ناودەبەن و کیرکەگۆریش بە دامەزرێنەری دەزانن. بوونگەرایی هەوڵێکی هزری خۆرئاوایی بوو بۆ خستنەڕووی فەلسەفەیەکی نائەقلانی. لەم ڕووەوە کەس نکووڵی لە سەرکەوتنی ناکات، بەڵام ئەو پرسیارەش دەکرێ کە ئایا ئاقارێکی لەمجۆرە لە بنەڕەتدا شیاوی تەسەورە؟ بە پێچەوانەی فەلسەفە ئەقلانییە نوێیەکان یا کۆنەکانەوە بوونگەرایی فەلسەفەیەکی تەواو خودگەرایە. لەم ڕووەوە ڕەنگە وا بزانرێ کە باس و گفتوگۆ لەگەڵ فەیلەسووفێکی بوونگەرادا زۆر زەحمەت بێت، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە پەیڕەویکارانی ئەم ڕێبازە بە باس و گفتوگۆکانیانەوە ناسراون. لە ڕوانگەی کیرکەگۆرەوە "بوون" لە سەروو هەموو زانست

(ئەقلآنیەت)ێکەوەیە. قەرار بوو بوونگەرایی لە ڕێی ژان پۆڵ سارتەرەوە بگاتە لووتکە (یان نشێو)ی خۆی.

خودی ناونیشانی بوونگەراییش پاش ئەوەی یەکەمجار کیرکەگۆر دایهێنا" ماوەیەك لەبیرچووەوە، تا ئەڵمانیەکان دووبارە زیندوویان کردەوە و پاشانیش ڕەتیان کردەوە. چ هۆسێرل و چ هایدگەر قایل نەبوون پێیان بگوترێ بوونگەرا. لەبەرئەوەی هەستیان دەکرد کە مۆرکێکی لەو جۆرە سنوور بۆ فراوانیی فەلسەفەکەیان دادەنێت. سەرەنجام سارتەر کە سەودای فراوانی و گشتگیری نەبوو" یەکەمین کەس بوو کە لە سەرەتای چلەکانی سەدەی بیستدا خۆی بە بوونگەرا ناساند. لە کۆتایی ئەو دەیەیەدا بوو کە ئیدی سارتەر و بوونگەرایی پێکەوە دەناسران. سارتەر دانی بەوەدا دەنا کە کیرکەگۆر ڕۆڵی لە دامەزراندنی بنەما سەرەتاییەکانی بوونگەراییدا هەبوو، بەڵام جەختیشی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە بوونگەراییەکەی خۆی هیچ پەیوەندییەکی بە

کیرکـەگۆرەوە نییـە. ئـەم حوکمـە دیـارە تـەواو بـە مەیلی خودی کیرکەگۆریش بووە، لەبەرئەوەی ئەو بێکـــۆت و بەنـــدی و بـــێ خوداییـــەی کـــە لـــە فەلســـەفەکەی ســـارتەردا ڕۆڵێکـــی ســـەرەکییان هـــەبوو" لـــە فەلســـەفەکەی کیرکـــەگۆردا جێیـــان نەدەبۆوە.

لە نووسینەکانی کیرکەگۆرەوە

- یەکەمین شتێك کە دەبێ تێبگەیت ئەوەیە کە تێناگەیت.
- لە سەرەتای لەدایکبوونمانەوە ئێمە بە کۆمەڵێك فەرمانی سەرمۆرەوە بۆ سەفەری ژیان نێردراین.
- مرۆڤ چەند بتوانێت شتەکان لەبیربکات هێندە ژیانی دوچاری هەڵکشان و داکشان دەبێت، چەندیش بتوانێت شتەکان لە بیریدا بپارێزێت ژیانی یەزدانی دەبێت.
- دوای مردنم لەناو نووسینەکانمدا کلیلێك بۆ ژیانم نادۆزنەوە (ئەمە تەسەللایەکە بۆ من). کەس ناتوانێ وشەگەلێك بدۆزێتەوە کە هەموو شتەکان ڕوون دەکەنەوە و ئەوەی کە جیهان بە بێبایەخی دەژمێرێت دەیگۆڕن بە ڕووداوێکی

گرنگ بۆ من، یان ئەوەی کە پاش لاچوونی مینا (لێرەدا بە مەجازی مینای ددان بەکارهاتووە– و–) کەی دەردەکەوێ من تەواو بێبایەخ سەیری دەکەم.

♦ ئامانجی ژیانی من دەربڕینی حەقیقەت بووە، بەو شێوەیەی کە من دەیبینمەوە، بەڵام تەواو بەدەر لە هەر جۆرە دەسەڵات و سەرچاوەیەك. بەدەر لە دەسەڵات و سەرچاوە و، بەوەی کە خەڵکی وا لێ بکەم پشت بە هیچ نەبەستن، حەقیقەت دەردەبڕم و خوێنەر دەخەمە دۆخێکی پڕ دژایەتییەوە کە تاقە ڕێی ڕزگاربوون لێی ئەوەیە کە حەقیقەتی خۆیان بخولقێنن.

♦ لەگەڵ هەر هەنگاوێکدا بۆ پێشەوە" فەلسەفە کاژێك فڕێ دەدات. کەللەڕەقە بێکەڵکەکانیش دەخزێنە ناو ئەم کاژە کۆنانەوە و لەوێدا جێ بۆ خۆیان خۆشدەکەن.

♦ ئەگەر هیگل لۆجیکەکەی خۆی تەواو کردبا و لە پێشەکییەکەیدا نووسیبای کە ئەوە تەنها ئەزموونێك و مەشقێکی فیکرییە کە لە میانیدا چەندین گریمانەی پاساونەدراو بەکارهاتووە، بێگومان دەبوو بە گەورەترین بیرمەندی هەموو

ڕۆژگارەکان. بەڵام بەو شێوەیەی ئێستای، هیگل زیاتر لە نوکتەیەك دەچێت.

- تەواوی ئەو مرۆڤە ئاوارتانەی کە بە درێژایی سەدەکانی ڕابردوو پەرتەوازە بوون، هەرەکەیان حوکمی خۆی سەبارەت بە "مرۆڤبوون" داوە. یەکێك گوتوویەتی مرۆڤ جۆرێکە لە گیانەوەر، یەکێکی دی گوتوویەتی مرۆڤ بوونەوەرێکی ڕیاکارە و یەکێکی تریش گوتوویەتی کە مرۆڤ بوونەوەرێکی درۆزنە و شتی تری لەم بابەتە.

لەوانەیە بۆچوونەکەی من زۆر دوورکەوتبێتەوە؛ من دەڵێم مرۆڤ چەنەبازە و بەهرەی قسەکردن ئەوی بۆ ئەم کارە هانداوە.

بە هۆی هێزی قسەکردنەوە هەر کەسە لە پلەی بەرز بەهرەمەند دەبێت –بەڵام بە تەنها بە هۆی قسەوە– و لەم کارەشیدا زۆری پێوە دەنێت، کە بە هەمان ڕادە مایەی پێکەنینە کە کەسێك دوای ئەوەی لە پیشانگایەکدا تابلۆی دەعوەتی شاهانە دەبینێت؛ لافی ئەوە لێبدات کە لە دەعوەتەکەدا بەشدار بووە.

مـــن ئەگـــەر کابرایـــەکی بێبـــاوەڕ بوومایـــە دەمگـــوت خواوەنـــدەکان بۆیـــە ئـــەم هونـــەری قسەکردنەیان بە ئادەمیزاد بەخشیوە تا کاتی خۆیـان بـە تەماشـاکردنی ئـەم خۆفریودانـە گاڵتەجاڕانەیەوە سەرگەرم بکەن.

بەڵام لە ڕوانینێکی مەسیحیانەوە پێویستە بڵێم کە خواوەند لە ڕووی خۆشەویستییەوە ئەم بەهرەیەی بە مرۆڤ بەخشی" تا بەرەو پەیبردنی دروستی یەزدان ڕێنمایی بکات. بەڵام نازانم ئاخۆ خواوەند بە چ حەیفێکەوە لە بەرەنجامی ئەم لوتفەی خۆی ڕوانیبێت؟

لە "یادەوەرییەکان"ەوە

- فەلسەفە لەسەر هەقە کە دەڵێت دەتوانین ژیان بەرەو دواوە تێبگەین، بەڵام عادەتەن لەو بنەمایەی دی خافڵ دەبین کە دەبێ ژیان بەرەو پێشەوە بەسەر بەرین. کاتێ سەرنجی ئەم بنەمایەی دوایی دەدەین" بێگومان دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە هەرگیز ناتوانین بە دروستی لە ژیان لە زەماندا تێبگەین، لەبەرئەوەی ناتوانین

هیچ چرکەساتێکی ژیان بوەستێنین تا ئاوڕی لێ بدەینەوە و سەیری بکەین.

- ئەگەر لە سەردەمی سوکراتدا زانست هێندەی ئەم ڕۆژگارە پێشکەوتوو بووایە، ئەوا سۆفیستەکان و تەواوی ئەوانەش کە لافی فێرکردنی فەلسەفەیان لێدەدا دەبوون بە ئەهلی زانست و بۆ ڕاکێشانی کڕیاریش بەلای خۆیاندا“ یەکی مایکرۆسکۆبێکیان بە پشتی دەرگاکانیاندا هەڵدەواسی و لە لایەوە دەیاننووسی: خەڵکینە وەرن و لە مایکرۆسکۆبەوە سەیربکەن و بزانن مرۆڤ چۆن بیردەکاتەوە (خۆ ئەگەر سوکراتیش ئەم ئاگادارییەی بخوێندبایەتەوە دەیگوت "ئەو ئادەمیزادانەی کە بیرناکەنەوە ڕێك بەمجۆرە ڕەفتار دەکەن").
- وەچەی مرۆیی چیدی لە خودا ناترسێت. ئەوەتانێ ئێستا بەم شێوەیە سزا ئەدرێ. لەمەودوا لە خۆی دەترسێت. ئەوەتانێ ئێستا تامەزرۆی خەون و خەیاڵاتە و لە ئاست ئەم مەخلوقەی خۆیدا لە ترساندا هەڵدەلەرزێت.

(لە هەڵبژاردەی بڕگە کورتەکانەوە)

- وەختێ ئێمە بە شێوەیەکی بابەتی مەسەلەی حەقیقەت دەخەینەڕوو" هزری ئێمە بە شێوەیەکی بابەتی سەرنجی حەقیقەت ئەدات و بە بابەتێکی لە قەڵەم دەدات کە بیرکەرەوە پەیوەندیی لەگەڵدا هەیە. بەڵام سەرنجی ئەم پەیوەندییە نادەین، بەڵکو تەنها سەرنجی ئەو مەسەلەیە ئەدەین کە ئایا ئەوەی بیرکەرەوە پەیوەندیی لەگەڵدا هەیە حەقیقەتە یان نەء. ئەگەر حەقیقەت بێت" دەڵێن ئەو حەقیقەت دەزانێت. بەڵام ئەگەر بە شێوەیەکی خودگەرایانە حەقیقەت ڕەچاو بکەین" هزری ئێمە بە خودی پەیوەندییەکەوە بەند دەبێت. ئەگەر ئەم پەیوەندییە ڕاستەقینە بێت، بە شێوەیەکی خودگەرایانە حەقیقەت دەزانین، تەنانەت گەر ئەو بابەتە دەرەکیەی ئەم پەیوەندییە" ڕاستەقینەش نەبێت.
- خودگەرایی، مەسەلە دەروونییەکەی حەقیقەت، ئەمە تێزی منە.

ئیمان شتێکی بێمانایە. بابەتەکەی تەواو نامەعقول و نەشیاو و بەدەر لە هەر

پاساودانێکه. کەسێك بهێنەرە بەرچاوی خۆت کە بڕیاری داوە ئیمان بهێنێت! با بە دووی ئەم کۆمێدیایەدا بچین. ئەو دەیەوێ ئیمانی هەبێت و لە هەمان کاتیشدا دڵنیا بێت کە هەنگاوی دروست دەنێت.

بەم پێیە دەست دەکات بە لێکۆڵینەوەیەکی بابەتیانەی ئەو ئەگەرەی کە لەسەر هەقە. چی ڕوو ئەدات؟ بە هۆی ئەم لێکۆڵینەوەیەوە، شتە بێماناکەی ئیمان دەبێتە شتێکی دی، دەبێتە شتێکی شیاو، تا شیاوتریش بێت بێ ئەندازە و بە شێوەیەکی کامڵ شیاو دەبێت. ئینجا ئەو ئامادەیە کە باوەڕ بکات و بە خۆی بڵێت کە بە پێچەوانەی خەڵکی ڕەمەکیی کوچە و بازاڕەوە“ بە تەنها پاش بیرکردنەوەی قووڵ و پەیبردنی دروستی شیاوێتیی بابەتی ئیمانەوەیە کە ئەو باوەڕی پێ دەکات. بەڵام ڕێك لێرەدایە هەست دەکات کە باوەڕکردن بەوە بەلایەوە شتێکی ئەستەمە. ئەوەی کە تا ڕادەیەك شیاوە، یان شیاوە، یان بێ ئەندازە و بە شێوەیەکی تەواو شیاوە، شتێکە تا ڕادەیەك دەیزانێت، یان

دەیزانێت، یان بێ ئەندازە و بە شێوەیەکی تەواو "دەیزانێت"، بەڵام "باوەڕکردن پێی" ئەستەمە. لەبەرئــەوەی بێمانــا بابــەتی ئیمانــە و تاقــە بابەتێکیشە کە دەکرێ باوەڕی پێ بکەین.

لە (پاشبەندێکی نازانستی)یەوە

کرۆنۆلۆژیای ڕووداوه فەلسەفیە گرنگەکان

سەدەی ٦ی پ.ز سەرەتای فەلسەفەی خۆرئاوا بە بیرو ڕاکانی تالیسی مالتی دەستپێدەکات.

کۆتایی سەدەی ٦ پ.ز مردنی فیتاگۆرس.

٣٩٩ پ.ز لە ئەسینا حوکمی مەرگ بەسەر سوکراتدا دەدرێ.

٣٨٧ پ.ز ئەفلاتون لە ئەسینا ئەکادیمیاکەی خۆی دادەمەزرێنێت، کە بە یەکەم زانکۆ دادەنرێ.

٣٣٥ پ.ز ئەرستۆ لە ئەسینادا خوێندنگەی لیسەووم دادەمەزرێنێت کە کێبەرکێ لەگەڵ ئەکادیمیادا دەکات.

٣٢٤ پ.ز "کۆنستانتین"ی ئیمپراتۆری ڕۆما، ئیمپراتۆریەت بۆ شاری بێزەنتە دەگوێزێتەوە.

٤٠٠ ز سانت ئۆگستین کتێبی "دانپیانانەکان" دەنووسێت، فەلسەفەش دەبێتە شتێکی ئەستەم لە تیۆلۆجیای مەسیحیدا.

٤١٠ ز ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی ڕۆما لەسەر دەستی ڤیزیگتەکان و سەرەتای چاخە تاریکەکان.

٥٢٩ ز داخستنی ئەکادیمیای ئەسینا بە فەرمانی ئیمپراتۆر یۆستینین، کە ئەمەش نیشانەی کۆتایی چاخی دانایی یۆنانە.

ناوەڕاستی سەدەی ١٣

تۆماس ئاکویناس ڕاڤەی خۆی لەسەر ئەرستۆ دەنووسێت. چاخی فەلسەفەی سکولاستیک.

١٤٥٣ کەوتنی بێزەنتە لەسەر دەستی تورک و کۆتایی ئیمپراتۆریەتی بێزەنتە.

١٤٩٢ کریستۆف کۆڵۆمبۆس دەگاتە ئەمریکا. چاخی ڕێنیسانس لە شاری فلۆرەنسا و سەر لە نوێ زیندوو کردنەوەی دەستوورەکانی یۆنان.

کۆپەرنیکۆس کتێبی "دەربارەی سووڕانەوەی هەسارە ئاسمانیەکان"ی بڵاو کردەوەو لە ڕووی ماتماتیکیشەوە سەلماندی کە زەوی بە دەورە خۆردا دەسووڕێتەوە.

کڵێسا گالیلۆی ناچار کرد کە بە ڕەسمی نکووڵی لە تیۆرەی سەنتەربوونی خۆر بکات.

دیکارت "ڕامانەکان"ی خۆی بڵاو دەکاتەوە.

کتێبی "ئاکار"ی سپینۆزا پاش مەرگی خۆی مۆڵەتی بڵاوکردنەوەی دەدرێتێ.

نیوتن کتێبی "بنەماکان" بڵاو دەکاتەوەو تیایدا باس لە چەمکی کێشکردن دەکات.

١٦٨٩ لۆك "نامەیەك دەربارەی تێگەیشتنی بەشەر" بە چاپ دەگەیەنێت. سەرەتای چاخی فەلسەفەی ئەزموونگەرایی.

بێرکلی کتێبی "بنەماکانی زانستی مرۆیی" بڵاو دەکاتەوەو ئەزموونگەرایی بەرەو سنوورێکی نوێتر دەبات.

مەرگی لایبنیتز.

١٧٣٩-١٧٤٠ هیـــوم "نامەیـــەك سەبارەت بە سروشتی مرۆیی" بڵاو دەکاتەوەو ئەزموونگـەرایی بـەرەو سـنوورێکی مـەنتیقیتر دەبات.

کانت کە لە ڕێی "هیوم"ەوە لە خەوی دۆگمای خۆی بە ئاگا هاتۆتەوە کتێبی "ڕەخنە لە ئەقڵی پـــەتی" بڵاودەکاتـــەوە. چـــاخی شـــکۆمەندی میتافیزیکای ئەڵمانیا دەستپێدەکات.

هیگل کتێبی "فینۆمینۆلۆجیای ڕۆح" بـڵاو دەکاتەوە، کە لووتکەی میتافیزیکای ئەڵمانە.

شۆپنهاوەر کتێبی "جیهان وەکو ئیرادەو وێنا کردن" بڵاو دەکاتەوەو لە میتافیزیکای ئەڵمانیدا فەلسەفەی هیندی دەخاتە ڕوو.

نیچە لەگـەڵ ڕاگەیانـدنی ئـەوەدا کـە "یـەزدان مردووە" لە شاری تۆرینۆ دوچاری شێتی دەبێت.

ڤیتگنشتاین "نامەی مەنتیقی – فەلسەفی"ی خۆی چاپدەکات و لافی ئەوە لێدەدات کە دوا ڕێگەچارەی کێشەکانی فەلسەفەی دۆزیوەتەوە.

دەیەی ١٩٢٠ ئەڵقەی ڤیەننا بانگەشە بۆ پۆزیتیڤیزمی مەنتیقی دەکات.

هایدیگەر کتێبی "بوون و زەمەن" چاپدەکات کە باس لە جیابوونەوەی فەلسەفەی شیکاری و فەلسەفەی ئەوروپایی دەکات.

سارتەر بە بڵاو کردنەوەی کتێبی "بوون و نەبوون" بیرو ڕاکانی هایدیگەر تەواو دەکات و فەلسەفەی بوونگەرایی (وجودیەت) دەخاتە ڕوو.

١٩٥٣ بڵاوبوونەوەی کتێبی "لێکۆڵینەوەی فەلسەفی"ی ڤیتگنشتاین پاش مەرگی خۆی. لووتکەی قۆناغی شیکاریی زمان (یان زمانشیکاری).

ساڵنامەی ژیانی کیرکەگۆر

١٨١٣ لەدایکبوونی لە کۆپنهاگن

١٨٣٠ قوتابیی خوداناسی لە زانکۆی کۆپنهاگن

١٨٣٤ مەرگی دایکی

١٨٣٧ یەکەمین دیدار لەگەڵ ڕێژین ئۆڵسنی تەمەن چواردە ساڵ

١٨٣٨ مەرگی باوکی

١٨٤٠ خوازبێنی کردنی ڕێژین

١٨٤١ هەڵوەشاندنەوەی دەزگیرانێتی، چوون بۆ بەرلین

١٨٤٢ بڵاوکردنەوەی "یان ئەم یان ئەو"

١٨٤٣ بڵاوکردنەوەی "ترس و لەرز"

١٨٤٤ بڵاوکردنەوەی "چەمکی ترس"

١٨٤٦ مشتومڕ و ناکۆکی لەگەڵ گۆڤاری تەنزئامێزی "کۆرسیر"دا

١٨٤٨ ئەو ئەزموونە ئاینییەی کە سروشتی دەگۆڕێت و سەرنجی بەلای قسەی خوادا ڕادەکێشێت.

١٨٤٩ بڵاوکردنەوەی "نەخۆشی تامردن"

١٨٥٤ مشتومڕ و ناکۆکیی لەگەڵ کڵێسادا

١٨٥٥ دەرکردنی گۆڤاری "چرکەسات" کە بە وتارەکانی خۆی دژ بە کڵێسا پڕی دەکردەوە. دوا دیدار لەگەڵ ڕێژیندا. کۆچی دوایی لە هەمان ساڵدا.

ساڵنامەی سەردەمی کیرکەگۆر

١٨١٣ مایەپووچبوونی دەوڵەتی دانیمارك دەبێتە هۆی بەربادبوونی باری ئابووری، بەڵام باوکی کیرکەگۆر بە سەرمایەگوزاری لە ڕێی کڕینی دراوی کاغەزینی دەوڵەتییەوە لێی قوتار دەبێت.

١٨١٣ لەدایکبوونی ڤاگنەر

١٨١٥ شەڕی واتەرلو. ئیمپراتۆریەتی بەریتانیا دەست بەسەر هەموو هیندستاندا دەگرێت.

١٨٢١ فارادای سەرچاوەی هێزی بزوێنی ئەلکتریك ئەدۆزێتەوە.

١٨٢٥ پەیدابوونی ڕێی ئاسنین. ستیڤنسن ڕێگای ئاسنی دارلینگتۆن-ستاکتۆن دەکاتەوە.

١٨٢٩ بەریتانیا تەواوی دوورگەی ئوستڕالیا داگیر دەکات.

١٨٣٠ سەربەخۆبوونی یۆنان لەدەست ئیمپراتۆریەتی عوسمانی

١٨٣١ مردنی هیگل بە پەتا لە بەرلین. داروین بە کەشتیی بیگل بەرەو دوورگەکانی گالاپاگۆس دەچێت.

١٨٣٢ مردنی گۆتە لە ڤایمار

١٨٣٤ دەوڵەتەکانی ئەڵمانیا یەکێتیەکی گومرگی پێکدەهێنن، کە یارمەتیی دروستبوونی شۆڕشی پیشەسازی دەدات لە کیشوەری ئەورووپادا

١٨٤٤ لەدایکبوونی نیچە

١٨٤٥ کۆماری تەکساس دەخرێتە سەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

١٨٤٨ شەپۆلی شۆڕشەکان لە ئەورووپا، مەکسیك، ئەمریکا، دەبێتە هۆی

سپاردنی باشووری خۆرئاوا (کە کالیفۆرنیاش دەگرێتەوە) بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

١٨٥٠ شـــــــــــۆپنهاوەری فەیلەسووفی سەرسەختی دژە هیگلی ناوبانگێکی درەنگ دەردەکات.

١٨٥٣ تا ١٨٥٦ شەڕی قرم

١٨٥٦ لەدایکبوونی فرۆید

پۆڵ ستراتێرن

پۆڵ ستراتێرن

Finn Jor
Sören und Regine
Kierkegaard und seine unerfüllte Liebe
PIPER

کیرکەگۆر

کیرکەگۆر

رێژین ئۆڵسن

چەند کتێبێکی پێشنیازکراو بۆ خوێندنەوە

1-Robert Bretall, ed., A Kierkegaard Anthology, (Princeton University Press, 1973)
2-Patrick L. Gardiner, Kierkegaard (Oxford University Press, 1988)
3-David J. Gonwens, Kierkegaard as Religious Thinker (Cambridge University Press, 1996)
40Bruce H. Kirmmse, ed., Encounters with Kierkegaard (Princeton Uneversity Press, 1996)
5-Roger Poole, Kierkegaard: The Indirect Communication (Uneversuty Press of Virginia, 1993)

ئەم کتێبە لە ڕووی وەرگێڕانە فارسییەکەوە کراوە بە کوردی کە ئەمەیە:

آشنایی با کیرکیگور

پل استراترن، ترجمهٔ: علی جوادزاده، نشر مرکز چاپ اول ١٣٧٨- تهران

کتێبە چاپکراوەکانی تری وەرگێڕ

بەکوردی:

چاوەکانی (ڕۆمان)_بوزورگی عەلەوی

نەورەس (کورتە ڕۆمان)_ڕیچارد باخ

خــەونێك لــەولاتی پیــاوە بچــكۆلەكاندا (كورتە چیرۆكی جیهانی)

بــەناوی ژیانــەوە(چــاپی یەكــەم ١٩٩٧) ئەریك فرۆم

شــۆڕش یــا ڕیفــۆرم (گفتوگــۆ لەگــەڵ ماركۆزو پۆپەردا)

پیـــدرۆ پـــارامۆ (ڕۆمـــان)_خـــوان ڕۆلفۆ_(بەهاوكاری لەگەڵ ڕێبوار سیوەیلیدا)

چەند وێستگەیەكی فیكریو ئەدەبی(وتار و باسی فیكری و ئەدەبی)

تریفەی تەنیایی (ژیانو شیعری سوهراب سپهری)

تورکیا لەسەردەمی گۆڕاندا _محەمەد نورەدین

لەگەڵ ئەقڵی خۆرئاوادا (چەند گفتوگۆیەکی فەلسەفی و ئەدەبی)

نیچە _ پۆڵ ستراتێرن

ژنێ لەبەردەم وەرزێکی سارددا (ژیان و شیعری فروغ فەروخزاد)

سارتەر_پۆڵ ستراتێرن

مۆدێرنەکان_رامین جەهانبەگلو

بەعەرەبی:

مضيق الفراشات (قصيدة طويلة للشاعر الكردى شيركو بيكەس)

ترجمة آزاد البرزنجي، دار الرازى –بيروت– لبنان.

عار تماماَ كالماء (مختارات شعريه لدلاوەر قرەداغى)– ترجمة آزاد البرزنجى، دار الطليعة الجديدة – سوريا – دمشق.

سِفرالروائح (قصيدة طويلة للشاعر شيركو بيكەس) – ترجمة آزاد البرزنجى، دارنينوى –دمشق –سوريا.